# کارکردن لە فینلاند

## – زانیاری بۆ کۆچبەران




Työterveyslaitos

Elinkeino-, liikenne- ja ympäristökeskus

Vipuvoimaa EU:lta 2007–2013

Euroopan unioni
Euroopan sosiaalirahasto

پەیمانگەی فیلاندی بۆ تەندروستی پیشەیی

کارکردن لە فینلاند – زانیاری بۆ کۆچبەران/ ئینگلیزی

## پێرستی ناوەڕۆك


پێشەکی ............ 04

**1. گەڕان بۆ کار ............ 07**

داخوازنامەی کار و دیمانەی کار 10

**2. دەسپێکردنی کار ............ 15**

جۆرە جیاوازەکانی دامەزراندن 15

گرێبەستی دامەزراندن و پێدانی مووچە 18

ڕاهێنان بۆ کار 21

یەکێتیە بازرگانیەکان 22

**3. کارامەییەکان و فێربوون لە کار ............ 27**

کارامەیە زمانیەکان لە ژیانی کار لە فینلاند 27

پەرەپێدانی کارامەییەکان 29

**4. تەندروستی و سەلامەتی ............ 33**

تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی 33

خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی 36

نەخۆشی و توانای کارکردن 39

**5. بەشێک لە کۆمەڵگای کار ............ 43**

تایبەتمەندیەکانی کەلتوری کارکردن لە فینلاند 43

کاری سەرپەرشتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە شوێنی کار دا 45

کرداری بێزارکەر و نابەجێ لە شوێنی کار 47

یەکسانی و هەلی یەکسان 50

**6. کار وەکوو بەشێک لە ژیان ............ 55**

کاتی کارکردن و ڕۆژانی پشووی گشتی 55

کار و خێزان 58

**7. کۆتایی هێنان بە دامەزراندن ............ 63**

دەست لە کار کێشانەوە 63

دەرکردن لە کار 64

هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن 65

کاتێک دامەزراندن کۆتایی دێت 66

**8. بوون بە بەڵێندەر لە فینلاند ............ 69**

## پێشەکی

لەوانەیە دەسپێکردنی کارێک لە وڵاتێکی نوێ قورس بێت و کۆمەڵێک پرسیار دروست بکات: ئایا پێویستە لە شوێنی کار دا پێویستە چۆن ڕەفتار بکەم؟ ئایا مافەکان و بەرپرسیاریەتیەکانی من چین؟ و من چۆن خۆم لەگەڵ کۆمەڵگەی کارەکە دەگونجێنم؟

ئەم ڕێبەرە زانیاریت پێ دەدات سەبارەت بە ژیانی کار لە وڵاتی فینلاند. ئەم ڕێبەرە، سەرەڕای کۆمەڵێک زانیاری تر، ڕێگەت نیشان دەدات دەربارەی چۆنیەتی دۆزینەوەی کارێک، پرۆسەی وەرگرتن، ڕۆڵی سەرپەرشت/ چاودێر، کەلتوری کاری فینلاندی، و بابەتی تەندروستی و سەلامەتی لە شوێنی کار. ئەم ڕێبەرە سەرچاوەی تری زانیاری بەسوود پێشنیار دەکات.

## زانیاریی زیاتر به زمانی ئینگلیزی

**Infopankki – Finland in your language**
www.infopankki.fi

**Working in Finland – Information about living and working in Finland**
www.te-palvelut.fi > Materials

**Public services in Finland**
www.suomi.fi

## زانیاری زیاتر به زمانی فینلاندی

**Infopankki – Suomi sinun kielelläsi**
www.infopankki.fi

**Suomeen työhön: Tietoa Suomeen muuttajalle**
www.te-tjanster.fi > Esitteet

**Julkiset palvelut kootusti**
www.suomi.fi

## زانیاری زیاتر به زمانی سویدی

**Infopankki – Finland på ditt språk**
www.infopankki.fi

**Jobba i Finland – Att leva och jobba i Finland**
www.te-services.fi > Material

**Medborgartjänster**
www.suomi.fi



# 1. گەڕان بۆ کار

زانیاری دەربارەی هەلەکانی کار دەکرێت لە ماڵپەڕەکانی گەڕان بەدوای کار، ماڵپەڕی خودی خاوەنکارەکان، و ڕۆژنامەکان دەست بخرێن. هەندێ هەلی کار ڕێکلامی بۆ ناکرێت. دەتوانیت لە ڕێگەی پەیوەندیەکانی خۆتەوە یان بە پەیوەندی کردنی ڕاستەوخۆ بە خاوەنکارەکان زانیاری بدۆزیتەوە. زۆر گرنگە کە چالاک بیت، پەیوەندیت هەبێت لەگەڵ خاوەنکارەکان و پرسیاریان لێ بکەیت دەربارەی هەلەکانی کار.

سەرەتا بیر بکەوە گرنگی بە چ کارێك دەدەیت و بزانە ئەو کارە پێویستی بە چیە. بە شێوەیەکی ئاسایی دۆزینەوەی کار پێویستی بە خوێندەواریی شیاو، زمانزانی پێویست و ئەزموونی کارکردنی پێشووتر هەیە. بەڵام، هەندێك کار هەیە لەوانەیە پێویستی بە بڕوانامەی تایبەت یان زمانزانی نەبێت. حەز و ویست بۆ کار زۆر گرنگن کە دەتەوێت ئەنجامی بدەیت.

- TEservices، کەسی بەرپرس لە شیاندنی تۆ و بەرپرسانی کۆچبەری شارەوانی دەتوانن لە بواری گەڕان بۆ کار و ڕاوێژکاری پیشەیی دا یارمەتیت بدەن.
- TEservices زانیاری پێشکەش دەکەن سەبارەت بە مافەکان و بەرپرسیاریەتیەکانی ئەو کەسانەی بۆ کار دەگەڕێن. بۆ نموونە "ماددەی دژە جیاوازی" و "ماددەی یەکسانی ژنان و پیاوان" خەڵک دەپارێزن لە هەرجۆرە جیاوازیکردنێك لە کاتی وەرگرتن و دامەزراندن.
- پەیوەندی بە "خزمەتگوزاریەکانی کۆچی فینلاند" بکە بۆ زانیاری دەربارەی مۆڵەتی نیشتەجێبوون و مافەکانی پەناهەندان بۆ کار.

زانیاری سەبارەت بە **هەلەکانی کار** دەکرێت لە ماڵپەڕەکانی گەڕان بەدوای کار، ماڵپەڕی خودی خاوەنکارەکان، و ڕۆژنامەکان دەست بخرێت. هەروەها لەوانەیە کەسانێکی ناسیاوت هەبێت کە لەبارەی هەلەکانی کار زانیارییان هەبێت؛ چالاک بە و پرسیار لە کەسانی دەوروبەرت بکە.

ڕێگەیەکی باش بۆ گەڕان بە دوای کار ئەوەیە کە ڕاستەوخۆ لە پەیوەندیدا بیت لەگەڵ ئەو خاوەنکارەی کە گرنگی پێدەدەیت. ئەگەر حەزت لە ڕێکخراوێک یان کۆمپانیایەکی دیاریکراوە، بزانە ئایا دەکرێت لە ڕێگەی ماڵپەڕەکەیان **داخوازنامەیەکی کراوە** بنێریت، تەنانەت ئەگەر بۆ هیچ پۆستێکی بەتاڵیش ڕێکلامیان نەکردبێت. هەروەها دەکرێت ئیمەیل بنێریت یان تەلەفۆن بکەیت بۆ ئەو خاوەنکارانە کە حەزت لێیانە و لەبارەی هەلەکانی کارکردن پرسیاریان لێ بکەیت.

دەتوانیت بەم ڕێگایانەی خوارەوە پەیوەندی بە خاوەنکارەکان بکەیت:

- پڕکردنەوەی فۆرمی داخوازینامەی کار لەسەر ماڵپەڕەکەیان
- ناردنی ئیمەیل
- ناردنی سی ڤی و نامەی ڕووماڵ
- تەلەفۆن کردن

ئەوەت لە یاد بێت، ئەگەر دەتەوێت سەردانی شوێنی کارەکە بکەیت، ئەوە پێویستە پێشووتر لەگەڵ خاوەنکارەکە ڕێککەوتن بکەیت. پابەندی ڕێنماییەکانی خاوەنکار بە سەبارەت بە چۆنیەتیی پێشکەشکردنی داواکاری کار.

**ئاژانسەکانی دامەزراندن** زانیارییەکانی ئەو کەسانە کۆدەکاتەوە کە بۆ کار دەگەڕێن. هەروەها دەتوانیت لەسەر خزمەتگوزاری **TEservices CV-Net** دا یادداشتێک بنووسیت و ئەوە ڕوون بکەیتەوە کە بە دوای کاردا دەگەڕێیت، لەگەڵ ئەو شارەزایی و ئەزموونە پیشەییانەی خۆت و جۆری ئەو کارەی کە بۆی دەگەڕێیت دیاری بکە. ئەگەر سوود لە ڕێگە جیاوازەکانی گەڕان بۆ کار وەربگریت، شانسی دۆزینەوەی کارت زیاتر پێویستە.

### زانیاری زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Public employment and business services**
www.te-services.fi

**CV-Net service for jobseekers**
www.te-services.fi > For jobseekers > Finding a job > The CV-netti

**Work in Finland**
www.workinfinland.fi

**The Finnish Immigration Service**
www.migri.fi

### زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Julkiset työ- ja elinkeinopalvelut**
www.te-palvelut.fi

**Avoimia työpaikkoja**
www.te-palvelut.fi > Työpaikat

**CV-netti työnhakijalle**
www.te-palvelut.fi > Työnhakijalle > Löydä töitä > Vinkkejä työnhakuun > Cv-netti

**Työhön Suomeen**
www.te-palvelut.fi > Työnhakijalle > Löydä töitä > Työhön Suomeen

**Maahanmuuttovirasto**
www.migri.fi

**Vuokratyö**
www.tyosuojelu.fi > Työsuhdeasiat > Vuokratyö

### زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Offentliga arbets- och näringstjänster**
www.te-tjanster.fi

**Lediga jobb**
www.te-tjanster.fi > Lediga jobb

**CV-netti för arbetssökande**
www.te-tjanster.fi > För arbetssökande > Hitta jobb > Tips för jobbsökning > CV-netti

**Hitta jobb i Finland**
www.te-tjanster.fi > För arbetssökande > Hitta jobb > Hitta jobb i Finland

**Migrationsverket**
www.migri.fi

**Hyrd arbetskraft**
www.tyosuojelu.fi > Anställningsfrågor / Hyrd arbetskraft

## داخوازنامەی کار و دیمانەی کار

به شێوەیەکی گشتی پێشکەشکردن بۆکار پێویستی به داخوازنامەیەکی کار و سی ڤی هەیە. لەوانەیە لە سەر بنەمای داخوازنامەکەت بانگهێشت بکرێیت بۆ دیمانەی کار و لەوانەیە هەندێك جار تاقیکردنەوەی لێهاتوویيت بۆ بکرێت. ئەم شتانە یارمەتی خاوەنکار دەدات بۆ دۆزینەوەی کاندیدی دروست بۆ کارەکە.

**داخوازنامەی کاری باش** ئەو داخوازنامەیە کە باش ئامادە کرابێت و ڕوونی بکاتەوە کە تۆ هەموو ئەو داواکاریانەت هەیە کە بۆ ئەو کارە پێویستن، بۆ نموونە بڕوانامەی خوێندن، ئەزموونی کاری یان زمانزانی. پێویستە داخوازنامەکە بۆ کارێکی تایبەت نووسرابێت و شارەزایی و ویستەکانت نیشان بدات، و تەواو ئەوە ڕوون بکاتەوە کە بۆچی پێویستە تۆ بۆ ئەو کارەیە هەڵبژێردرێیت. هەندێ جار داوات لێدەکرێت مووچەی خوازراو لە نێو داخوازنامەکەتدا دیاری بکەیت. داخوازنامەکە بە هەمان زمانی ڕێکلامی کارەکە بنووسە.

**سی ڤی باش** بابەتیانە نووسراوە و ڕاستەوخۆ بۆ بابەتەکەیە. زانیاری سەبارەت بە خوێندن، ئەزموونی کار، شارەزایی زمانی و شتەکانی تر دەگرێتەوە کە تواناکانی تۆ وەکوو کەسێک کە بۆ کار دەگەڕێیت بەرجستە دەکەن. هەروەها دەتوانیت لە نێو سی ڤیەکەت دا ناو و ناونیشانی پەیوەندیی چەند کەسێک وەکوو ڕیفرێنس بنووسیت، بەڵام هەمیشە سەرەتا مۆڵەتیان لێ وەربگرە.
پێویستە ڕاستەوخۆ لە کاتی دیاریکراو دا لە **دیمانەی کار** ئامادە ببیت. بڕوانامەکان و ڕیفرێنسەکانی کار لەگەڵ خۆت ببە. زانیاری سەبارەت بە پەسەندکردنی بڕوانامەی بیانی لە "دەستەی نیشتمانیی پەروەردە" دەست بخرێت. ئامانجی دیمانەی کار ئەوە یە کە ڕوونی بکەنەوە تۆ چۆن گونجاویت بۆ ئەو کارە. هەندێك پرسیارت لێدەکرێت کە مەبەستی ڕوونکردنەوەی تواناکان، مەبەست و حەزی تۆیە لە کارەکە. بەڕوونی وڵام بدەوە و حەزی خۆت لە کارەکە دەربخە. لە فینلاند وا باشە لە دیمانەی کاردا سەیری چاوەکانی ئەو کەسە بکەیت کە لەگەڵت دیمانە دەکات. ڕەنگە یەک یان چەند دیمانەکەر لەوێ بن.

کاتێک کە خۆت بۆ دیمانە ئامادە دەکەیت، بیر بکەوە لەو تواناییانەی خۆت کە پەیوەندییان بەو کارەوە هەیە کە داوای دەکەیت، و هەروەها بیر لەو بوارانە بکەوە کە پێویستیان بە پەرەپێدان و باشترکردن هەیە. لە ماوەی دیمانەی کار دا، بە شێوەیەکی ئاسایی دەرفەتی ئەوەت پێدەدرێت کە پرسیار بکەیت. لە سەرەتادا هەندێك پرسیاری ئەگەریی ئامادە بکە. بەڵام گرنگە کە بەخۆ ئامادەکردن بۆ دیمانە بچیت و زانیاری تەواوت دەربارەی کارەکە و ڕێکخراوەکە بە دەست هێنابێت. ئەمە حەزی تۆنیشان دەدات.

خاوەنکار پەیوەندی بە کاندیدی سەرکەوتوو دەکات و کارەکەی پێشکەش دەکات. ئەگەر کارەکە بە تۆ بدرێت، پێویستە بە زووترین کات خاوەنکار ئاگادار بکەیتەوە کە ئەو کارە قەبووڵ دەکەیت یان نا.

**ئەگەر دۆزینەوەی کارێک زەحمەتە بۆ**، چاک وایە وەکوو کەسێک کە بۆ کار دەگەڕیت لێهاتوویی و توانای ڕکابەریی خۆت باشتر بکەیت. بۆ نموونە، دەتوانیت بۆ هەلێکی بەدەسهێنانی ئەزموونی کار یان ڕاهێنانی پیشەیی بگەڕێیت، پەرە بە خوێندەواریت بدەیت یان بڕوانامەیەکی نوێ بەدەست بێنیت، یان شارەزاییە زمانیەکانت باشتر بکەیت. Rekry-training کە لەلایەن خزمەتگوزاری TEservices ئامادە دەکرێت، دەشێت ڕێگەیەکی باش بن بۆ دۆزینەوەی دامەزران. لەوانەیە لە هەندێ حاڵەتدا تۆ شیاوی وەرگرتنی پشتیوانی کرێ بیت، کە خاوەنکاری تۆ دەتوانێت لەکاتی وەرگرتنی تۆ دا داوای بکات. ئەگەر تۆ شیاوی وەرگرتنی پشتیوانی کرێ بیت، پێویستە لە نێو داخوازنامەی کاری خۆت دا یان کاتێک بۆ کارێک داواکاری پێشکەش دەکەیت ئاماژەی پێ بکەیت. بۆ زانیاریی لەبارەی هەلەکانی شاگردی کردن و پشتیوانی کرێ پەیوەندی بە TEservices بکە.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**How to write a job application and a CV**
www.te-services.fi > For jobseekers > Finding a job > Tips for finding a job

**Recognition and international comparability of qualifications**
www.oph.fi > Services

**National Supervisory Authority for Welfare and Health**
www.valvira.fi/en

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Kirjoita työhakemus ja CV**
www.te-palvelut.fi > Työnhakijalle > Löydä töitä > Vinkkejä työnhakuun

**Tutkintojen tunnustaminen ja kansainvälinen vertailu**
www.oph.fi > Koulutus ja tutkinnot > Tutkintojen tunnustaminen

**Sosiaali- ja terveysalan lupa- ja valvontavirasto**
www.valvira.fi

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Skriv jobbansökan och CV**
www.te-tjanster.fi > För arbetssökande > Hitta jobb > Tips för jobbsökning

**Erkännande och internationell jämförelse av examina**
www.oph.fi > Utbildning och examina > Erkännande av examina

**Tillstånds- och tillsynverket för social- och hälsovården**
www.valvira.fi

## تێبینی


INTERVIEW RATING SHEET (Instructional)
CHARACTERISTICS
ITEM

# 2. دەسپێکردنی کار

## جۆرە جیاوازەکانی دامەزراندن

دامەزرانی تۆ دەست پێ دەکات، و دەست بەکار دەکەیت لەژێر بەڕێوەبردن و چاودێریی خاوەنکارەکەت لەو ڕۆژەی کە بە یەکەوە لە سەر ڕێککەوتوون. چەند جۆری جیاواز لە گرێبەستی دامەزران هەن. باوترین جۆرەکان بریتین لە هەمیشەیی، ماوە-دیاریکراو، و نیو-دەوامی.

وەك کارمەندێك، ناچار نیت لە شوێنی کارەکەت کار بکەیت. بۆ نموونە دەتوانیت لە ماڵەوە کار بکەیت. دوای دامەزراندت خاوەنکار مووچەیەکت پێدەدات. پێویستە خاوەنکار لە بری تۆ تۆ پارەی خانەنشینی و خەرجە یاساییەکانی تر بدات، و خزمەتگوزاریە تەندروستیی پیشەییت بۆ ڕێك بخات.

باوترین جۆری گرێبەستی دامەزران **گرێبەستی تەواوکاتی کراوە یە** کە هەروەها ناسراوە بە **گرێبەستی هەمیشەیی**. ئەگەر تۆ بە شێوەیەکی تر لەگەڵ خاوەنکارەکەت ڕێککەوتنت نەبێت، بۆ ماوەیەکی دیارینەکراو دادەمەزرێیت. خاوەنکار ناتوانێت بێهۆ تۆ دەربکات. هەروەها دەکرێت کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دابمەزرێیت، بەڵام ئەم جۆرە گرێبەستانە هەمیشە پێویستیان بە هۆکارێکی یاسایی هەیە، بۆ نموونە ئەگەر تۆ بۆ ماوەیەکی کاتی دابمەزرێیت کە جێگەی کەسێک بگریتەوە، یان ئەگەر خودی کارەکە وەرزی بێت.

**کارە وەرزیەکان** تەنها بۆ بەشێك لە ساڵ کار دابین دەکەن، بۆ نموونە وەرزی چنینەوەی-توو یان بەفر ماڵین. یاسای کار کرێکارانی وەرزیش دەگرێتەوە. دەتوانیت لەگەڵ خاوەن کارەکەت ڕێک بکەویت کە تەنیا بەشێک لە ڕۆژ یان حەفتە کاری بۆ بکەیت؛ ئەمە واتە تۆ بە **شێوەی نیوەکات دادەمەزرێیت**. ئەگەر کرێکارەکان لە حەفتە دا کەمتر لە 30 یان 35 کاتژمێر کار بکەن وەکوو کرێکاری نیوەکات هەژمار دەکرێن. مووچەی کاری نیوەکات پەیوەستە بە کاتی کارکردنت.

ئەگەر تۆ لە ڕێگەی ئاژانسێکی کاردۆزینەوە وەرگیرا بیت، ئەو کات **کرێکارێکی بەکرێگیراویت**، هەر لەگەڵ ئەو ئاژانسی کاردۆزینەوە گرێبەستی دامەزرانت هەیە، تەنانەت کاتێک کە بۆ ڕێکخراوێکی تریش کار بکەیت. ئاژانسی کاردۆزینەوە مووچە، قەرەبووی ڕۆژانی پشوو و پارەی زیادەکاریەکانی تۆ دەدات. تۆ وەکوو کرێکارێکی بەکرێگیراو پێویستە لە ژێر کونترۆڵ و چاودێری ئەو کۆمپانیایە بیت کە تۆی دامەزراندووە. بە شێوەیەکی ئاسایی تۆ شایانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە کومپانیای دامەزرێنەری تۆ ئەیدات بە کارمەندەکانی، بۆ نموونە ژەمە خۆراکیە پشتیوانیکەرەکان.

ئەگەر ئەو کومپانیا کە تۆی دامەزراندووە کومپانیایەکی بیانی بێت، ئەوە تۆ **کرێکاری پۆستکراویت**. هەندێک لە مەرج و ڕێساکانی ڕێکەوتنامە کاریەکانی فینلاند بەسەر کرێکارانی پۆستکراو جێبەجێ دەبن، بۆ نموونە، ئەو مەرج و ڕێسایانە کە پەیوەندییان بە کەمترین مووچە، مووچەی زیادەکاری و پشووی سالانە هەیە. ئەمانە بەپیی یاسای کرێکارە پۆستکراوەکان ڕێکدەخرێن.

زانیاری زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Contracts of employment and employment relationships**
www.tem.fi > Work > Labour legislation > Contracts of employment and employment relationships

**Posted Workers Act**
www.finlex.fi/en

زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Työsopimus ja työsuhde**
www.tem.fi > Työ > Työlainsäädäntö > Työsopimus ja työsuhde

**Laki lähetetyistä työntekijöistä**
www.finlex.fi

زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Arbetsavtal och anställningsförhållande**
www.tem.fi > Arbete > Arbetslagstiftning > Arbetsavtal och anställningsförhållande

**Lag om utstationerade arbetstagare**
www.finlex.fi/sv

## گرێبەستی دامەزراندن و پێدانی مووچە

هەمان یاسا و ڕێکەوتنامەکانی کار بە سەر کرێکارانی فینلاندی و کرێکارانی بیانی جێبەجێ دەبن لەو کاتەی کارەکە لە فینلاند ئەنجام دەدرێت. دەکرێت گرێبەستی دامەزراندن بە شێوەی زارەکی ئەنجام بدرێت، بەڵام گشت کاتێك گرێبەستی دامەزراندنی نووسراو پێشنیازکراوە.

بە شێوەیەکی ئاسایی دوو کۆپی لە **گرێبەستی دامەزراندن** دەنووسرێت: دانەیەکیان بۆ خاوەنکار و ئەوی تریش بۆ تۆ وەك کارمەند. دڵنیا بە کە تۆ لە مەرج و ڕێساکانی گرێبەستەکە دەگەیت. یەکێتیەکانی کرێکاران و نوێنەرانی یەکێتیەکانی کرێکاران دەتوانن بۆ ڕوونکردنەوەی مەرج و ڕێساکان یارمەتیت بدەن (سەرنجی بەشی تایبەت بە یەکێتیەکانی کرێکاران لەنێو ئەم نامیلکەیە، لاپەڕە:22 بکە). ئەگەر گرێبەستی دامەزراندن نەنووسرابێت، و بۆ ماوەی زیاتر لە یەک مانگ دامەزرابیت، مافی ئەوەت هەیە کە بەڵگەیەکی نووسراو لە مەرج و ڕێساکانی کارەکەت پێ بدرێت.

بە لایەنی کەم پێویستە ئەمانەی خوارەوە لە نێو گرێبەستی دامەزراندندا دیاری بکرێن:

- ئەرکەکانت
- ڕۆژی دەستپێکردنی کار و ماوەی دامەزران
- هۆکاری گرێبەستی کاتی، ئەگەر تۆ بۆ کارێکی کاتی دامەزرابیت
- شوێنی کارکردن
- مووچە، سوودەکان و ماوەی پێدانی مووچە
- کاتژمێرەکانی کارکردن و کاتەکانی پشوو
- ڕۆژانی پشوو
- ڕێکەوتنامەی گشتیی کار کە گرێبەستی دامەزرانی تۆ بەپێی ئەو ڕێککەوتنامەیە
- ماوەی تاقیکردنەوە کە ڕەنگە هەبێت
- ماوەی دەرفەتی ئاگادارکردنەوە

لەوانەیە لەنێو گرێبەستی دامەزراندنی تۆ دا ماوەیەک بۆ **کاتی تاقیکردنەوە** دیاری بکرێت. لە ماوەی کاتی تاقیکردنەوەدا، تۆ و خاوەن کارەکەت دەتوانن بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاتی گرێبەستەکە کۆتایی بە گرێبەستەکە بهێنن.
زیاترین ماوەی کاتی تاقیکردنەوە چوار مانگە. ئەگەر تۆ بۆ ماوەی کەمتر لە هەشت مانگ دامەزرابیت، ماوەی کاتی تاقیکردنەوەت نابێت لە نیوەی ماوەی دامەزرانت زیاتر بێت.

**کاتێک مووچەکەت پێ دەدرێت** پێویستە بەڵگەیەکی پارەپێدانت پێبدرێت کە مووچەی بنەڕەتی، پاداشت و قەرەبوو، و لێکەمکردنەکانی مووچەکەتی تێدا نووسرابێت. ئەگەر کارمەند داوای بەڵگەی پارەپێدان بکات ئەوە پێویستە پێی بدرێت. نەدانی بەڵگەی مووچە تاوانە و سزا دەدرێت. دڵنیا بە کە مووچەی تۆ بە ڕێکوپێکی دەدرێت و هەموو پارەی کاری شەو، زیادەکاری و پاداشت و قەرەبووەکانت پێدەدرێت. بە پێی "ماددەی گرێبەستی دامەزراندن"، دەبێ مووچەی تۆ بخرێتە ناو ئەو حیسابە بانکیە کە دیاریت کردووە. تەنها لە حاڵەتی فەوری و ناچاری دا پێویستە مووچەی تۆ بەشێوەی پارەی نەخت پێت بدرێت. خاوەنکاری تۆ هەموو مانگێک **باجەکان** لە مووچەی مانگانەت دەبڕێت. تۆ دەتوانی زانیاری زیاتر دەربارەی باج لە ئیدارەی کاروباری باجی فینلاند وەربگریت.

## زانیاری زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**In To Finland**
www.intofinland.fi/en

**Employment contract**
www.tyosuojelu.fi > Working in Finland > Employment contract

**Tax Administration**
www.vero.fi/en-US

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**In to Finland**
www.intofinland.fi

**Työsopimus**
www.tyosuojelu.fi > Työsuhdeasiat > Työsopimus

**Verohallinto**
www.vero.fi

**Työehtosopimukset**
www.yrittajat.fi > Työnantajan ABC > Työehtosopimukset

## زانیاری زیاتر به زمانی سویدی

**In To Finland**
www.intofinland.fi/sv

**Arbetsavtal**
www.tyosuojelu.fi/sv > Anställningsfrågor > Arbetsavtal

**Skatteförvaltningen**
www.vero.fi/sv-FI

**ڕاهێنان بۆ کار**

ئەرکی خاوەنکاری تۆیە کە تۆڕاهێنان سەبارەت بەکارەکەت پێشکەش بکات. کاتێک تۆ دەست دەکەیت بە کارێکی نوێ کە ئاشناییت لەگەڵی نیە هەمیشە داوا بکە لەگەڵ کارەکە ئاشنات بکەن. مەبەست لە ئاشناکردن بە کار ئەوەیە کە تۆ لە شوێنی کاری نوێت دەسپێکێکی باشت هەبێت.

لە ماوەی ڕاهێنانی ئاشناکردن بە کار، تۆ لەگەڵ کارەکەت، شوێنی کارەکەت و کەلتوری کاری ڕێکخراوەکەت ئاشنا دەبیت. زۆر گرنگە کە تۆ فێری ئەو وشە و دەستەواژانە بیت کە لە کارەکەت دا پێویستن، هەروەها فێری بەکارهێنانی هەرکام لەو ئامێر و ئامرازانە ببیت کە دەشێت کاری پێ بکەیت. وەکوو بەشێک لە بەرنامەی ڕاهێنانی ئاشناکردن بە کار، سەبارەت بە هەندێ بابەت وەکوو تەندروستی و سەلامەتی، پەرەپێدانی کارامەیی و پاراستنی توانای کارکردن و ئاسوودەبوون لە کاتی کاردن زانیاریت پێ دەدرێت. هەروەها زیانیاریت پێدەدرێت دەربارەی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی.

لە ماوەی ئاشناکردنت بە کار لەگەڵ هاوکارەکانت، سەرپەرشتەکەت، بەکاربەرە ئەگەریەکان و کۆمپانیا هاوبەشەکان ئاشنا دەکرێیت. ئاشنای هاوکارەکانتبە. ئەمە پێویستە هۆی ئەوەی لە شوینی کارەکەت دا هەست بە ئاسوودەیی بکەیت و خۆت لەگەڵ کۆمەڵگەی کارەکەت دا بگونجێنیت. هەروەها، بزانە چاوەڕوانی ئەوەت لێدەکرێت چاك لەگەڵ بەکاربەرەکانت هەڵسوکەوت بکەیت.
لەوانەیە ئەو کەسەی کە بە کارەکەت ئاشنات دەکات، بۆ نموونە، سەرپەرشتیار یان هاوکارت بێت. زۆربەی کات چەند کەسێك لە کارمەندانی شوێنی کارەکەت لە بەرنامەی ڕاهێنانی ئاشناکردن بە کاردا بەشداربن. لە کاتی بوونی پرسیار سەبارەت بە کارەکەت، یان شتێکت بە لاوە ڕوون نەبێت، زۆر گرنگە بزانیت داوای یارمەتی لە چ کەسێک بکەیت. هەمێشە پرسیار بکە ئەگەر دڵنیا نەبیت دەربارەی ئەو شتەی کە دەبێ ئەنجامی بدەیت.

چالاک و زیرەک بە و ئەو زانیاریانە بە دەست بێنە کە یارمەتیت دەدەن بۆ ئەوەی دەست بە کارەکەت بکەیت. **دڵنیا بە کە دەزانیت بەرپرسیاریەتیەکانت کامانەن.** باشی ئاشنابوونی تۆ بە کارەکەت یارمەتیت دەدات لە کارەکەتدا سەرکەوتوو بیت.

### زانیاری زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Induction training**
www.ttl.fi/en > Topics > Changing work life > Immigrants and work > Integration into work and at the workplace

### زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Perehdyttäminen**
www.ttl.fi > Aihealueet > Työyhteisö ja esimiestyö > Johtaminen > Perehdyttäminen

**Työnopastus ja perehdyttäminen**
www.tyosuojelu.fi/fi/opastus

### زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Introduktionsguide**
www1.vaasa.fi/henkilostopalvelut/julkaisut/pdf/perehdyttamisopas.pdf

## یەکێتیە بازرگانیەکان

زۆربەی کارمەندان لە فینلاند دا ئەندامی یەکێتیەکانی کرێکارانن. یەکێتیەکانی کریکاران ئامۆژگاری بە ئەندامانی خۆی دەدات دەرباری بابەتەکانی کار و بەرژەوەندیەکانی ئەندامانی خۆی دەپارێزێت. وەکوو ئەندامێکی یەکێتی کرێکاران، تۆ ئەندامی سەندووقی بێکاریشیت.

ئەندامانی یەکێتی کرێکاران ئابونەیەك وەکوو ئابۆنەی ئەندامیەتی دەدەن، کە بەگشتی لە سەدا 1 و 2 کۆی مووچەکەیانەیە.

یەکێتیەکانی کرێکاران تاوتوێی ڕێکەوتنامە گشتیەکانی کار لەگەڵ نوێنەرانی خاوەنکار دەکەن. ڕێکەوتنامە گشتیەکان بڕەکانی مووچە، کاتژمێرەکانی کارکردن، پارەی زیادەکاری و نەخۆشی، ڕۆژانی پشوو، و مەرجەکانی دیکەی دامەزراندن دیاری دەکەن. تۆ وەکوو ئەندامێکی یەکێتی کرێکاران بۆ چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکیەکانی کار یارمەتی وەردەگریت. تۆ وەک ئەندامی یەکێتی کرێکاران لە هەمان کاتدا ئەندامی **سەندووقی بێکاریشیت**. ئەگەر بێ ئەوەی خۆت بتەوێت بێکار ببیت، بە مەرجێک کە بۆ لانیکەم 26 هەفتە ئەندامی سندووقی بێکاری بووبێتی، مافی ئەوەت هەیە کە قەرەبووی بێکاریی تایبەت بە داهات وەربگریت (بەپێی یاسا لە ئابی 2014). بڕی قەرەبووی بێکاری پەیوەستە بە بڕی مووچەکەتەوە. ئەگەر تۆ مافی وەرگرتنی قەرەبووی بێکاری تایبەت بە داهاتت هەبێت، ئیتر ڕێکخراوی بیمەی کۆمەڵایەتی (کە ناسراوە بە KELA) پارەی ڕۆژانەی بێکاریت پێ نادات.

ئەگەر تۆ تەنها ئەندامی سندوقی بێکاری بیت مافی وەرگرتنی قەرەبووی بێکاری تایبەت بە داهاتت هەیە بەڵام مافی وەرگرتنی خزمەتگوزاریەکانی دیکەی یەکێتی کرێکارانت نیە. تۆ دەتوانی ببیتە ئەندامی "سنووقی بێکاریی دڵنیا" یان سەندووقی بێکاری یەکێک لە یەکێتیەکانی کرێکاران. ئابوونەی ئەندامیەتی لە "سەندووقی بێکاریی دڵنیا" کەمترە لە کرێی ئەندامێتی لە یەکێتی کرێکاران. بۆ زانیاری لەبارەی مەرج و ڕێساکانی دیکەی بەئەندامبوون لە "سەندووقی بێکاریی دڵنیا" پەیوەندی بە خۆیانەوە بکە.

کارەکەت و ئەندازەی ئاستی خوێندەوارییت دەسنیشانی ئەوە دەکات کە ببیت بە ئەندامی کامە لە یەکێتیەکانی کرێکاران. بۆ زانیاری زیاتر پێوەندی بە یەکێتیە ناوەندیەکانی کرێکارانەوە بکە. بە نزیکەیی هەموو یەکێتیەکانی کرێکارانی فینلاند سەر بە یەکێک لە سێ یەکێتی ناوەندیی کرێکارانن:

- ڕێکخراوی ناوەندیی یەکێتیەکانی کرێکارانی فینلاند - SAK
- کونفیدراسیۆنی کارمەندانی مووچەخۆری فینلاند - STTK
- کونفیدراسیۆنی یەکێتیەکانی کارمەندان و بەڕێوەبەران لە فینلاند - AKAVA

**نوێنەرانی یەکێتی** کە بە شێوەی ناوخۆیی هەڵدەبژێردرێن، لە شوێنی کارکردنی تۆ نوێنەرایەتی یەکێتیەکانی کرێکاران دەکەن، و دەبنە پردی پەیوەندیی نێوان کارمەند و خاوەنکار. نوێنەرانی یەکێتیەکانی کرێکاران دڵنیایی دەکەن لەوەی کە ڕێکەوتنامە کاریەکان و یاساکانی دامەزراندن لە شوێنی کارکردن دا جێبەجێ دەکرێن و ئەگەر هەر کێشەیەک ڕوو بدات چارەسەری دەکەن.

## زانیاریی زیاتر به زمانی ئینگلیزی

**The Central Organisation of**
**Finnish Trade Unions SAK**
www.sak.fi/english

**The confederation of Unions for**
**Professional and Managerial Staff in Finland**
www.akava.fi/en

**The Assured Unemployment Fund YTK**
en.ytk.fi

**The Finnish Trade Union Movement**
**What Every Employee Should Know –**
www.akava.fi > Julkaisut > Esitteet ja oppaat >
Ammattijärjestöjen toiminta

## زانیاری زیاتر به زمانی فینلاندی

**Suomen ammattiliittojen keskusjärjestö SAK**
www.sak.fi

**Toimihenkilökeskusjärjestö STTK**
www.sttk.fi

**Korkeakoulutettujen työmarkkinajärjestö AKAVA**
www.akava.fi

**Yleinen työttömyyskassa YTK**
www.ytk.fi

**Ammattiyhdistysliikkeen ABC**
www.akava.fi > Julkaisut > Esitteet ja oppaat >
Ammattijärjestöjen toiminta

## زانیاری زیاتر به زمانی سویدی

**Finlands Fackförbunds Centralorganisation FFC**
www.sak.fi/svenska

**Tjänstemannacentralorganisationen STTK**
www.sttk.fi/sv

**Centralorganisationen för högutbildade i Finland**
www.akava.fi/sv

**Den försäkrande arbetslöshetskassan YTK**
se.ytk.fi

# تێبینی

تێبینی



# 3. کارامەییەکان و فێربوون لە کار

## کارامەییە زمانیەکان لە ژیانی کار لە فینلاند

فێربوونی زمانی فینلاندی یان سویدی زۆرجار بۆ دامەزران لە فینلاندا پێویستە، کەوایە فێربوونی زمان زۆر بەسوودە. کارامەییەکانی زمان یارمەتیت دەدات سەرکەوتوو بیت لە کارکردندا، و لە وڵاتی فینلاند هەست بە غەریبی نەکەیت. شوێنی کارکردن جێگەیەکی چاکە بۆ پەرەپێدانی کارامەییە زمانیەکانت.

زمانی فینلاندی وەکوو زمانی یەکەم لەلایەن 90٪ ی خەڵکەوە قسەی پێ دەکرێت و نزیکەی 5٪ ی خەڵکی فینلاند بە زمانی سویدی قسە دەکەن. هەر یەکێك لە کارەکان پێویستی بە ئاستێکی جیاواز لە شارەزایی زمان هەیە. باش زانینی زمانی سویدی یان فینلاندی لە هەندێ بوار و پیشە دا گرنگە، بەڵام لە بوارەکانی تر دا بە شارەزاییەکی کەمەوە لە زماندا دەتوانی کار بکەیت. بۆ نموونە، کاری خزمەتگوزاریەکانی بەکاربەر و کاری تایبەت بە نەخۆش پێویستیان بە شارەزایی زۆر باش هەیە لە زمانی سویدی یان فینلاندی.

بزانە ڕادەی پێویستی شارەزایی زمان بۆ ئەو کارەی کە تۆ داوای دەکەیت چەندە پێویستە. بەڵام، لە بیرت نەچێت، هەمیشە دەتوانیت لە شوێنی کار دا شارەزایی زمانیت باشتر بکەیت. هەرچەندە لە شوێنی کارکردن و شوێنەکانی دیکە دا زمان زیاتر بەکار بهێنیت، ئەوە زیاتر فێر دەبیت. گفتوگۆ لەگەڵ هاوکارانت بە زمانی فینلاندی ڕێگەیەکی باشە بۆ فێربوونی ئەم زمانە، بۆیە چاک وایە لە شوێنی کار بە فینلاندی یان سویدی قسە بکەیت تەنانەت ئەگەر زمانی ئینگلیزی بە شێوەیەکی پاراوتر بزانیت.

خولی فێرکردنی زمان لە بەرنامەکانی ئامادەکردنی کۆچبەران دا بۆ ئەوان دادەنرێت. ڕێکخراوەکانی کرێکاران، ناوەندەکانی خوێندنی گەورەساڵان، خوێندنگەی دواناوەندی تایبەتی گەورەساڵان، و زانکۆ کراوەکان، خولی فێرکردنی زمانی فینلاندی و سویدی پێشکەش دەکەن. هەروەها خۆت دەتوانی فێری ئەم زمانانە ببیت. بۆ نموونە، هەندێ وانەی خوێندن لە سەر تۆڕی ئینتەرنێت هەن کە یارمەتی مرۆڤ دەدەن فێری زمانی فینلاندی، ئینگلیزی و سویدی ببن کە بۆ کۆمەڵێك شتی جیاواز پێویستن.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Finnish and Swedish**
www.infopankki.fi/en > Living in Finland > Finnish and Swedish

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Suomen ja ruotsin kieli**
www.infopankki.fi/fi > Elämä Suomessa > Suomen ja ruotsin kieli
**Koti Suomessa -verkkopalvelu**
www.kotisuomessa.fi

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Finnish and Swedish**
www.infopankki.fi/sv > Livet i Finland > Finska och svenska språket

## پەرەپێدانی کارامەییەکان

کاتێک کە دەست بە کارێک دەکەیت، بزانە چی لە تۆ و لە کارەکەت داواکراوە. قسە لەگەڵ سەرپەرشتی خۆت بکە و دڵنیا بە کە ئێوە بە یەک شێوە لە مەرج و پێداویستیەکانی کارەکەت تێدەگەن. زۆر گرنگە کە بەردەوام پەرە بەو شارەزاییانە بدەیت کە بۆ کارەکەت پێویستن.

مەبەست لە پەرەپێدانی کارامەیی ئەو شتانە کە لە کاتی کارکردن فێری دەبیت، واتە زیاترکردنی کارامەیی و لێهاتوویی پیشەیی لە ماوەی ژیانی کاریتدا. پەرەپێدانی کارامەیی دەتوانێت بە بەواتای نوێکردنەوە، بڵاوکردنەوە یان بەگشتی گۆڕینی شارەزاییەکانت بێت. هەروەها گۆڕانکاری لە ڕۆڵ یان ئەرکی تۆ گرنگە. خاوەنکاری تۆ دەتوانێت لە ڕێگەی دابینکردنی هەلی بەشداریکردن لە **خولەکانی ڕاهێنانی**. کارمەندان یارمەتیت بدات بە پەرەپێدانی شارەزاییەکانت. دەکرێت خولی ڕاهێنان لە کاتی کارکردن یان لەدەرەوەی کاتی کارکردن پێشکەش بکرێت، و لەوانەیە خاوەنکار بۆ ماوەی ڕاهێنان مووچەی تەواو یان نیوەت پێ بدات.

ئاستی پەرەپێدانی کارامەییەکانی تۆ، بۆ نموونە، بەم شێوانەی خوارەوە هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت:

- هەڵسەنگاندنی شێوازی کارکردنت دوای خولی ڕاهێنان بە تەنها یان لە نێو کۆمەڵێکدا
- شیکردنەوەی ئەو بارودۆخانە کە بەڕاستی باش یان خراپ بەڕێوە چوونە
- لێکۆڵینەوەی ئامانجدار لە ماوەی کاتی کارەکەت
- خوێندنەوەی نووسراوە پیشەییەکان.

زانینی شێوازی فێربوونت سوود لێوەرگرتنی یارمەتیت دەدات لە پەرەپێدانی کارامەییەکانت. لە نێوان خوێندنەوە، گوێگرتن و ئەنجامدانی کرداری کامەیان باشترین ڕێگەیە بۆ فێربوونی تۆ؟ فێربوون لە ئەزموون و تەجروبەی هاوکارەکانت، بە ڕێگەیەکی زۆر باش بۆ پەرەپێدانی شارەزاییەکانت هەژمار دەکرێت.

دەتوانیت سەبارەت بە هەر بابەتێکی پەیوەندیدار بە کارەکەت لەگەڵ سەرپەرشتی خۆت قسە بکەیت؛ بۆ نموونە چارەسەرکردنی فشاری کاری، ئەو گۆڕانکاریانەی کە لە شوێنی کار یان لە شێوازی ئەنجامدانی کار دا ڕوویان داوە. هەروەها داوای بۆچوونی هاوکاران و سەرپەرشتیارت بکە لەبارەی کارەکەت. چاک وایە بڵێیت کە حەز دەکەیت بە چ شێوەیەک شارەزاییەکان فێر ببیت و پەرەیان پێ بدەیت. لە زۆرێک لە شوێنەکانی کارکردن ساڵانە **هەڵسەنگاندنی کارایی** ئەنجام دەدرێت و لەم هەڵسەنگاندنە دا خاوەنکار و سەرپەرشتیار سەبارەت بەم بابەتانە گفتوگۆ دەکەن.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Opintoluotsi.fi – One-stop access to education information in Finland**
www.opintoluotsi.fi/en-GB
**Adult education system in Finland**
www.minedu.fi/OPM > In English > Education > Adult Education

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Opintoluotsi.fi – Kaikki koulutustieto yhdestä osoitteesta**
www.opintoluotsi.fi
**Tietoa Suomen aikuiskoulutusjärjestelmästä**
www.minedu.fi/OPM > Koulutus > Aikuiskoulutus

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Opintoluotsi.fi – Allt om utbildning på en adress**
www.opintoluotsi.fi/sv-FI

**Vuxenutbildningssystemet i Finland**
www.minedu.fi/OPM > På svenska > Utbildning > Vuxenutbildning

## تێبینی



# 4. تەندروستی و سەلامەتی

## تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی

خاوەنکارەکەت بەرپرسیارە کە دڵنیا ببێت لە تەندروستی و سەلامەتی پیشەییت لە شوێنی کار، و پابەند بێت بە یاسا پەیوەندیدارەکانی تەندروستی و سەلامەتی. سەبارەت بە هەر بابەتێکی پەیوەست بە تەندروستی و سەلامەتی لە سەرپەرشتیاری خۆت یان نوێنەرێکی دیکەی خاوەنکار پرسیا بکە، و دەسبەجێ هەرجۆرە بۆ هەر کەمتەرخەمی و ناتەواویەك هەواڵ بدە.

خاوەنکار پێویستە ڕیسک و مەترسیەکانی شوێنی کار دیاری بکات و گرنگییان بۆ تەندروستی و سەلامەتی کارمەندەکان هەڵسەنگێنێت. پێویستە خاوەنکار بەپێی یاسای دیاریکراو ئامێری پاراستنی پێویست بۆ کارمەندەکان دابین بکات. بۆ نموونە، خاوەنکار پێویستە دڵنیا ببێت کە هەموو مەکینەکان مەرجەکانی سەلامەتیان هەیە و دەنگو ژاوەژاویان لە ئاستی ڕێپێدراو زیاتر نیە.

تۆ وەکوو کارمەندێک:

- پێویستە گوێ لە ڕێنماییەکان بگریت و بە شێوەیەکی ڕێکوپێک و خاوێن کار بکەیت
- پێویستە لە کاتی کارکردن وردبین و هۆشیار بیت
- پێویستە ئامێری پاراستنی پێویست بە کار بهێنیت (بۆ نموونە، گوێپارێز، کڵاوی سەلامەتی، هەناسەپارێز و چاوپارێز).
- پێویستە ئاگات لە سەلامەتی خۆت و کەسانی تر بێت.
- ئەگەر لە شوێنی کار هەست بە مەترسیەک دەکەیت پێویستە سەرپەرشتیاری خۆت یان بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی ئاگادار بکەیتەوە.
- ئەگەر لە ڕێنماییەکان یان ڕێکارەکانی سەلامەتی پیشەیی تێناگەیت پێویستە خاوەنکاری خۆت ئاگادار بکەیتەوە.

هەر شوێنێکی کار یەک **بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی** هەیە کە نوێنەری خاوەنکارە بۆ بابەتەکانی پەیوەست بە سەلامەتی پیشەیی. خاوەنکار دەتوانێت خۆی وەکوو بەرپرسێکی سەلامەتی پیشەیی کار بکات. بەپێی یاسا، لە شوێنی کاری گەورە پێویستە یەک **بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی یان کۆمیتەی سەلامەتی پیشەیی** هەبێت. بەپێی یاسا پێویستە هەموو خاوەنکارەکان بەبێ گوێدان بە ئەندازەی کۆمپانیاکەیان پلانێکی کار بۆ سەلامەتی پیشەیی دابنن. ئەگەر هەر کەموکووڕیەک لە بواری پاراستنی سەلامەتی پیشەیی لە شوێنی کاری تۆ دا هەبێت و خاوەنکاری تۆ چارەسەری نەکات، ئەوە بەرپرسی پاراستنی پیشەیی لەو ناوچە ئاگادار بکەوە.

## زانیاریی زیاتر به زمانی ئینگلیزی

**Safety at work**
www.ttl.fi/en > Topics > Safety at work

**Occupational Safety and Health Administration**
www.tyosuojelu.fi/fi/workingfinland

**Occupational Safety and Health Act**
www.finlex.fi/en

**Regional State Administrative Agencies (AVI): Occupational Safety and Health**
www.avi.fi/en > Index > Occupational safety and health

**Centre for Occupational Safety (TTK)**
www.ttk.fi/en

## زانیاری زیاتر به زمانی فینلاندی

**Työturvallisuus ja riskien hallinta**
www.ttl.fi > Aihealueet > Tyturvallisuus ja riskien hallinta

**Työsuojeluhallinto**
www.tyosuojelu.fi

**Työturvallisuuslaki**
www.finlex.fi

**Aluehallintovirasto (AVI): työsuojelu**
www.avi.fi > Aiheet > Työsuojelu

**Työturvallisuuskeskus (TTK)**
www.ttk.fi

## زانیاری زیاتر به زمانی سویدی

**Arbetssäkerhet**
www.ttl.fi/sv > Temaområden > Arbetssäkerhet

**Arbetarskyddsförvaltningen**
www.tyosuojelu.fi/se

**Arbetarskyddslag**
www.finlex.fi/sv

**Regionförvaltningsverket (AVI): arbetarskydd**
www.avi.fi/sv > Temasidor > Arbetarskydd

**Arbetarskyddcentralen (TTK)**
www.ttk.fi/sv

## خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی

بەپێی یاساکانی فینلاند، خاوەنکار پێویستە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی بۆ هەموو کارمەندەکان دابین بکات، تەنانەت ئەگەر تەنها یەک کارمەند لە شوێنی کار هەبێت. خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی پێویستە ئەو کەسانەش بگریتەوە کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان نیوەکات دادەمەزرێن. جۆری خزمەتگوزاریەکان بەپێی شوێنی کار جیاوازە و ڕەنگە جگە لەو خزمەتانە کە یاسا سەپاندویەتی، چاودێریی پزیشکی و خزمەتی دیکەیش لە خۆ بگرێت.

خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی بۆ ئەوە دانراون کە ڕێگری بکەن لەو کێشە تەندروستیانەی کە بەهۆی کار یان شوێنی کار دروست دەبن، هەروەها ئاستی توانای کار و تەندروستی لە شوێنی کار باشتر بکەن. دابینکەرانی خزمەتی تەندروستیی پیشەیی ڕێنمایی پێویست سەبارەت بە تەندروستی، سەلامەتی شوێنی کار و چالاکیە کاریەکان بە تۆ و خاوەنکارەکەت دەدەن.

خزمەتگوزاریەکانی تەندرستیی پیشەیی بریتین لە پشکنینی تەندروستیی کارمەندان و ڕێنمایی کردنیان سەبارەت بە فریاگوزاری سەرەتایی لە شوێنی کار. ئەم خزمەتگوزاریانە بەپێی یاسا پێویستن و گشت کاتێك بۆ کارمەندان بەخۆڕایین. خاوەنکاری تۆ پێویستە پێت بڵێت کە خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی لە شوێنی کارەکەت لە کوێ دابین دەکرێن و ئەو خزمەتانە چین کە پێشکەش دەکرێن.

لە سەرەتای دامەزران، یان لە ماوەی کارکردنی تاقیکردنەوەدا، زۆربەی کات هەڵسەنگاندنی تەندروستی یان پشکنینی تەندروستیی پیشەیی بۆ کارمەندەکە دەکرێت. ئامانجی ئەم پشکنینە ئەوەیە کە بزانن ئایا تۆ لە ڕووی جەستەیی و دەروونیەوە گونجاویت بۆ کارەکەت. جۆری پشکنین، و دووبارە بوونەوەی پشکنینی دواتر، پەیوەستە بە جۆری کار، شوێنی کار، و ئەو مەرجە تایبەتانەی کە ڕەنگە کارەکەت هەیبێت. بە شێوەیەکی ئاسایی لە گرێبەستی کورتماوە دا پشکنینی تەندروستی ئەنجام نادرێت، مەگەر بەپێی سروشتی کارەکە پێویست بێت. لە هەندێ دۆخدا کە مەترسیەکی تایبەتیان بۆ تەندروستی هەیە ئەوە پێویستە کارمەندەکان کارتێکی تەندروستیان هەبێت. لە پیشەی بیناسازی دا ڕەنگە سەرەڕای مەرجەکانی دیکە کارتی تەندروستیی پیشەییش پێویست بێت.

خزمەتگوزاریەکانی تەندروستی پیشەیی بێجگە لە ئەو شتانە کە بەپێی یاسا پێویستن، ڕەنگە ئەمانەیش لە خۆ بگرن: خزمەتی چاودێریی پزیشکی (بۆ نموونە لە کاتی هەڵامەت) و خزمەتگوزاریەکانی دیکەی چاودێریی تەندروستی (بۆ نموونە بینینی پزیشکی پسپۆر، کوتان). لەپێشەوە بزانە چ جۆرە خزمەتگوزاریەك بەخۆڕایین و بۆ چ خزمەتگوزاریەك پێویستە پارە بدەیت. هەروەها بزانە لەماوەی کاتژمێرەکانی کارکردندا دەتوانی سەردانی یەکێك لە دابینکەرانی خزمەتی تەندروستی بکەیت (بۆ نموونە پزیشکی گشتی یان پزیشکی ددان).

ئەو شتانە کە باشە لەبارەی چاودێریی تەندروستیی پیشەی بزانیت:

- هەمیشە بۆ پشکنینی تەندروستی و وادەکانی دیکەی چاوپێکەوتن بۆ چاودێریی پزیشکی پێشووتر دیمانە وەربگرە. سەرپەرشتیارت یان ئەو کەسەی کە بەرنامەی ڕاهێنانی ئاشناکردنی تۆ بە کار جێبەجێ دەکات پێت دەڵێت کە چۆن دەتوانیت وادەی چاوپێکەوتن وەربگریت (بە تەلەفۆن، لەڕێگەی ئینتەرنێت یان لە ڕێگەی سەرپەرشتی خۆت).
- هەمیشە لە کاتی دیاریکراو بڕۆ بۆ چاوپێکەوتن.
- هەموو بەڵگەکانی پەیوەست بە تەندروستیت لەگەڵ خۆت ببە بۆ وادەی پشکنینی تەندروستیی پیشەیی، بۆ نموونە زانیاری لەبارەی ڤاکسینەکان و دەرمان.
- کارمەندانی چاودێریی تەندروستیی پیشەیی، وەکوو پزیشک، پەرستار، پەرستاری چارەسەری سروشتی و دەروونناس پێویستە هەموو نهێنیەکانی پیشەی خۆیان بپارێزن. ئەمە بە واتای ئەوە یە کە ڕێگەیان پێنادرێت زانیاریەکانی تەندروستیی تۆ یان هەر زانیارییەکی تر سەبارەت بە تۆ بە لایەنێکی تر بدەن.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**FIOH: Occupational health services**
www.ttl.fi/en > Topics > Occupational Health Services

**Ministry: Occupational Health Care**
www.stm.fi/en > Social and health services > Health services > Occupational health care

**Occupational Health Care Act**
www.finlex.fi/en

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**TTL: Työterveyshuolto**
www.ttl.fi > Aihealueet > Työterveyshuolto

**STM: Työterveyshuolto**
www.stm.fi > Sosiaali- ja terveyspalvelut > Terveyspalvelut > Työterveyshuolto

**Työterveyshuoltolaki**
www.finlex.fi

**Työterveyshuolto**
www.tyosuojelu.fi > Työsuojelutoiminta työpaikalla > Työterveyshuolto

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**TTL: Företagshälsovård**
www.ttl.fi/sv > Temaområden > Företagshälsovård

**SHM: Företagshälsovården**
www.stm.fi > Social- och hälsotjänster > Hälsotjänster > Företagshälsovård

**Lag om företagshälsovård**
www.finlex.fi/sv

## نەخۆشی و توانای کارکردن

ئەگەر کێشەیەکی تەندروستیت هەیە و ناتوانیت کارەکەت ئەنجام بدەیت، قسە لەگەڵ سەرپەرشتیاری خۆت یان بەرپرسانی خزمەتی تەندروستیی پیشەیی بکە. دەکرێت پلان بۆ کاری تۆ دابنرێت بۆ ئەوەی زیان بە تەندروستییت نەگەیەنێت. لە زۆرێک لە شوێنەکانی کار هەندێ ڕێوشوێن دانراون بۆ ئەوەی لە کاتی پێویست هەنگاوی پێویست بۆ یارمەتیدانی کارمەندان بگیرێتە. بزانە ئایا شوێنی کاری تۆ ئەم جۆرە ڕێوشوێنانەی هەیە و ئەگەر هەیەتی، بەپێیان کارەکانت بکە.

ئەگەر نەخۆش بکەویت و نەتوانیت کارەکەت ئەنجام بدەیت ئەوە دەتوانیت پشووی نەخۆشی وەربگریت. ئەگەر بۆ سەر کارەکەت نەچیت ئەو پێویستە گشت کاتێك خاوەنکارەکەت ئاگادار بکەیتەوە. خاوەنکار مافی ئەوەی هەیە بزانێت تۆ بۆچی نەچوویتە بۆ سەر کار. کاتێک تۆ نەخۆش دەکەویت **بەگوێرەی داواکاری خاوەنکار و ماوەی ئامادەنەبوونت**، پێویستە مۆڵەتی پزیشکی یان پەرستاری بە خاوەنکارەکە بدەیت. بە شێوەیەکی ئاسایی مۆڵەت لە دابینکەری خزمەتی تەندروستیی پیشەیی وەردەگیردرێت.

ئەوەڵە ماوەی پشووی نەخۆشی دا مووچەت پێ دەدرێت، **ئەگەر هۆکاری نەچوونت بۆ سەر کار گونجاو بێت.**

- ئەگەر کاتێک کە پشووی نەخۆشی وەردەگریت، لانیکەم یەک مانگ لە دامەزراندنت تێپەڕ بوو بێت، مافی ئەوەت هەیە کە مووچەی تەواوت پێ بدرێت.
- ئەگەر کەمتر لە یەک مانگ لە دامەزراندنت تێپەڕ بوو بێت، مافی ئەوەت هەیە نیوەی مووچەکەت پێ بدەن.

لە کاتی پشووی نەخۆشی دا هەمیشە مووچە بە کارمەند نادرێت تەنانەت ئەگەر مۆڵەتی پزیشکیشی هەبێت. بۆ نموونە، ئەگەر تۆ بە ئەنقەست خۆت بریندار کردبێت، خاوەنکاری تۆ مەجبوور نیە مووچەت پێ بدات. هەندێك جار، ڕەنگە تۆ ناچار بیت بەهۆی کێشەی ژیانی تاکە کەسیی یان بەهۆی نیشانەکانی سترێس نەچیت بۆ سەر کار. لەم حاڵەتە دا، خاوەنکار بەپێی کەیسەکەت بڕیار دەدات کە ئایا تۆ مافی ئەوەت هەیە لە ماوەی پشووی نەخۆشی دا مووچەت پێ بدرێت یان نا.

ئەگەر بەهۆی نەخۆشی بۆ ماوەی زیاتر لە نۆ ڕۆژ نەچیتە کار و خاوەنکاری تۆ ناچار نەبێت پارەت پێ بدات، ڕەنگە تۆ مافی ئەوەت هەبێت کە قەرەبووی نەخۆشی لە KELA وەربگریت. بەڵام، ئەگەر لەنێو گرێبەستی دامەزراندندا ڕێکەوتنی لەسەر کرابێت، خاوەنکاری تۆ دەتوانێت بۆ ماوەیەکی درێژتر پشووی نەخۆشی بەمووچەت پێ بدات.

خاوەنکاری تۆ **بیمەی ڕووداوی** هەیە بۆ هەرجۆرە برینداربوونێك لە شوێنی کار یان لە کاتی سەفەری کاردا. لەبەر ئەمە، ئەگەر بۆ نموونە لە شوێنی کار پێت دەربچێت و بکەویت، بیمە خەرجیەکانی نەخۆشکەوتنی تۆ دەدات.

**ئەگەر ماوەی پشووی نەخۆشیی تۆ درێژ بکرێتەوە**، چاک وایە لەگەڵ سەرپەرشتیاری خۆت و دابینکەرانی خزمەتی تەندروستیی پیشەیی بارودۆخەکە هەڵبسەنگێنیت. ئەگەر پشووی نەخۆشیت زیاتر لە یەک ساڵ بخایەنێت، دەتوانیت لە دابینکەرێکی مووچەی خانەنشینی داوا بکەیت مووچەی پەککەوتنت پێ بدات. ئەگەر دوای هەڵسەنگاندن بڕیار بدرێت کە تۆ دەتوانیت بگەڕێیتەوە بۆ سەر کارەکەت، مووچەی خانەنشینی وەکوو قەرەبووی تواناسازی بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پێت دەدرێت. ئەگەر نەخۆشیی تۆ ڕێگەت پێ نەدات درێژە بە کارەکەت بدەیت، ڕەنگە تۆ مافی بەشداربوون لە بەرنامەی توانازاسی پیشەییت هەبێت کە یارمەتیت دەدات فێری شارەزاییەکانی پیشەیەکی تر ببیت یان خۆت دەست بە کارێک بکەیت.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**KELA: Sickness**
www.kela.fi/web/en > Sickness

**Rehabilitation**
www.tyoelake.fi/en > Pension benefits > Rehabilitation

**Security in the Event of Disability**
www.tyoelake.fi > Pension benefits > Disability pension

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**KELA: Sairausajan tuet**
www.kela.fi > Sairastaminen

**Kuntoutus**
www.tyoelake.fi > Erilaisia eläkkeitä > Kuntoutus

**Työkyvyttömyyseläke**
www.tyoelake.fi > Erilaisia eläkkeitä > Työkyvyttömyyseläke

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**KELA: Stöd när du blir sjuk**
www.kela.fi/web/sv > Sjuk

**Rehabilitering**
www.tyoelake.fi/sv > Pensionsförmåner > Rehabilitering

**Invalidpension**
www.tyoelake.fi/sv > Pensionsförmåner > Invalidpension



# 5. بەشێک لە کۆمەڵگای کار

## تایبەتمەندیەکانی کەلتوری کارکردن لە فینلاند

لەم ساڵانەی دوایی دا، کۆمەڵگەکانی کارکردن لە فینلاند زیاتر و زیاتر بوونەتە فرە کەلتور چونکە ژمارەی کارمەندانی بیانی زیادی کردووە. بەڵام، کەلتوری کارکردن لە فینلاند هەندێ تایبەتمەندیی هەیە، چاک وایە شارەزایان بیت. بۆ نموونە، ڕاستگۆیی، بەڵێن پاراستن و داهێنەربوون لە ژیانی کاری دا لە وڵاتی فینلاند چەند خەسلەتێکی بەهادارن. جیا لەمە، لەگەڵ هەموو کارمەندان یەکسان مامەڵە دەکرێت و زۆر ئاساییە کە تۆ و سەرپەرشتەکەت بە ناوی بچووک یەکتر بانگ بکەن.

شێوازی کارکردن لە کەلتورە جیاجیاکان دا جیاوازە. لە فینلاندا:

- کارمەندان بە یەکسان هەژمار دەکرێن و یەکسان لەگەڵیان ڕەفتار دەکرێت. بۆ نموونە، نیشانەیەکی ئەمە ئەوەیە کە هەموو کارمەندەکان بەبێ گوێدان بە پلەوپایەی یەکتر بە ناوی بچووک یەکتر بانگ دەکەن، و بە شێوەیەکی ئاسایی لە کاتی پلاندانان دا بۆچوونی کارمەندەکان لە بەرچاو دەگیردرێت.
- لە کارمەندەکان چاوەڕوان دەکرێت داهێنەر و بەرپرسیار و جێگەی متمانە بن. سەرپەرشتەکان هەمیشە چاودێریی کاری ژێردەستەکانیان ناکەن، و چاوەڕوان دەکەن ئەوان سەربەخۆ کاری خۆیان ئەنجام بدەن. ئەوەی جەختی لێوە دەکرێتەوە ئەوەیە کارمەندان لە ژیانی کارییان دا داهێنەر بن هەروەها بە گشتی ئەوەش پێویستە کە چالاکانە کاری خۆیان و شێوازی کارکردنیان پەرە پێ بدەن. نەوەك تەنها سەرپەرشتیار بەڵکوو هاوکارانیش دەتوانن داوات لێبکەن کە کارێک ئەنجام بدەیت.
- کاتێک لەسەر شتێک ڕێککەوتن دەکرێت، گشت لایەك پێیەوە پابەند دەبن.
- پابەندبوون بە خشتەی کاتیەوە گرنگە: هەمیشە لە کاتی دیاریکراو بێ بۆ سەر کار و لە کۆبوونەوەکان دا ئامادە ببە.
- کارلێکی نێوان تاکەکان ڕاستەوخۆ یە. بۆ نموونە، لە کۆبوونەوە دا، ئاساییە دوای چاک و چۆنی ڕاستەوخۆ بچنە سەر بابەتەکانی کۆبوونەوەکە.

### زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Finnish working culture**

www.infopankki.fi/en > Living in Finland > Work and enterprise > Finnish working culture

### زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Suomalainen työkulttuuri**

www.infopankki.fi/fi/ > Elämä Suomessa > Työ ja yrittäjyys > Suomalainen työkulttuuri

### زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Den finländska arbetskulturen**

www.infopankki.fi/sv > Livet i Finland > Arbete och entreprenörskap > Den finländska arbetskulturen

## کاری سەرپەرشتی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان لە شوێنی کار دا

لە کۆمەڵگەیەکی باشی کاردا، مرۆڤەکان لە ڕێگەی هاوکاری بە ئامانجەکانیان دەگەن. لە کۆمەڵگە کاریەکانی فینلاندا دا پلەبەندیی دەسەڵات زۆر کەمە. ئەمە، بۆ نموونە، لە دانوستانی نێوان سەرپەرشتیارەکان و ژێردەستەکانیان دا دیارە: ژێردەست دەتوانێت بە ئاسانی لەگەڵ سەرپەرشتیاری خۆی قسە بکات. هەروەها لە فینلاند ئاساییە کە ژنان و گەنجان سەرپەرشت بن. سەرپەرشتی تۆ چاودێریی کاری تۆ دەکات و تۆ دەتوانیت سەبارەت بە هەر کێشەیەک لە کارەکەت دا قسەی لەگەڵ بکەیت و بۆچوونی خۆت لەبارەی پەرەپێدانی کارەکانەوە پێ بڵێیت.

**سەرپەرشتیارەکەت** oنوێنەری خاوەنکاری تۆیە و چاودێریی کارەکەت دەکات. دەربارەی ئەرکەکانی خۆت لەگەڵ سەرپەرشتی خۆت ڕێک دەکەویت و ئەو ماف و ئەرکی هەیە کە کاری تۆ بەڕێوە ببات و چاودێریی بکات. سەرپەرشتی تۆ چاودێریی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری تۆ دەکات دەتوانێت داوات لێبکات کە شێوازی ئەنجامدانی کارەکەت بگۆڕیت. ئەگەر کارمەندێک لە کاری خۆی دا کەمتەرخەمی بکات، بەردەوام بۆ سەر کارەکەی دوا بکەوێت یان بەبێ مۆڵەت نەیێیت بۆ سەرکار، سەرپەرشتیارت بەرپرسیارە کە هەنگاوی پێویست بگرێتە بە. هەروەها لە سەرپەرشتیارەکەت چاوەڕوان دەکرێت کە یارمەتییت بدات بۆ ئەوەی کارەکەت ئەنجام بدەیت.

پەیوەندی کراوە لە شوێنی کار، باشبوونی پەیوەندیی نێوان هاوکاران و پاڵپشتیی کۆمەڵایەتی لەلایەن کۆمەڵگەی کاری و سەرپەرشتەوە پێویستە دەبێتە هۆی دڵخۆشی و ئاسوودەبوونی کارمەندان.

### له کۆمەڵگەیەکی کاریی باش ادا

- مرۆڤەکان لە ڕێگەی هەروەزیەوە بە ئامانجەکانیان دەگەن.
- بنەماکانی باش کارکردن و باش ڕەفتارکردن دیاری دەکرێن
- لێکتێنەگەیشتنەکان بەلاوە دەنرێن و ناکۆکیەکان چارەسەر دەکرێن
- سیستەمێک بۆ بەرەنگاربوونەوەی کێشەکان دادەنرێت
- کارمەندان بەیەکەوە پەرە بە کارەکان دەدەن: واتە بەیەکەوە بڕیار دەدەن چۆن چالاکیە کاریەکان باشتر بکەن، چۆن هاوکاری بکەن و چ ئامێر و ئامرازێك بە کاربێنن
- بایەخ دەدرێت بە سەلامەتی تەندروستی کارمەندەکان

لە یادت بێت کە تۆ دەتوانیت باسی هەموو جۆرە کێشەیەک بکەیت کە لە کارەکەی تۆ یان لە نێو کۆمەڵگەی کاریتدا هەن، هەروەها دەتوانیت بۆچوونی خۆت دەربارەی چۆنیەتی باشتر ئەنجامدانی کارەکەت یان باشتر کارکردنی کۆمەڵگەی کارییتان دەرببڕیت.

## بۆ زانیاری زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Finnish working culture**

www.infopankki.fi/en > Living in Finland > Work and enterprise > Finnish working culture

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Suomalainen tykulttuuri**
www.infopankki.fi/fi/ > Elںmں Suomessa > Ty ja yrittںjyys > Suomalainen tykulttuuri > Työyhteisön kehittäminen

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Den finlںndska arbetskulturen**
www.infopankki.fi/sv > Livet i Finland > Arbete och entreprenrskap > Den finlںndska arbetskulturen

## کرداری بێزارکەر و نابەجێ لە شوێنی کار

خەڵک بۆچوونی جیاوازیان هەیە، و ناکۆکی و تێکهەڵچوونی بچووک لە شوێنی کار شتێکی نائاسایی نیە. بەڵام، پێویستە ئەم کێشانە بە زووترین کات چارەسەر بکرێن. بەپێی یاسا لە هەر حاڵەتێکی بێزارکەر یان ڕەفتاری نابەجێدا پێویستە خاوەنکار هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە بنێت. گشت کاتێك گێچەڵی سێکسی قەدەغەیە.

**کرداری نابەجێ و شەڕفرۆشی لە شوێنی کار**واتە ڕەفتارێکی ناشیرین و نەگونجاو بە شێوەی سیستماتیک و دووبارە کە لە شوێنی کار دا ببێتە هۆی ناڕەزایەتی یەک یان چەند کەسێك.

ئەمانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن لە کرداری نابەجێ و شەڕفرۆشی:

- بڵاوکردنەوەی زانیاریی هەڵە
- گۆشەگیرکردنی کەسێک لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە، قسەنەکردن لەگەڵ یان گوێنەگرتن لەو کەسە، وەک بە هیچ نەزانینی ئەو کەسە
- گاڵتە یان سووکایەتی کردن بە کەسێک
- جنێودان یان هاوارکردن
- بێڕێزی کردن بە کەسایەتی یان ژیانی تاکە کەسی مرۆڤێك
- خۆدزینەوە یان ئاشکرانەکردنی زانیاری لەبارەی کار، بانگهێشت نەکردنی کەسێک بۆ کۆبوونەوەکان
- بەبێ هۆ سەندنەوەی ئەرک و بەرپرسیاریەتی لە کەسێک
- ڕەفتاری هەڕەشەئامێز

**بەپێی یاسای سەلامەتی و تەندروستیی پیشەیی** پێویستە خاوەنکار کارمەندەکانی بپارێزێت لە ڕەفتاری نەگونجاو و شەڕفرۆشی لە شوێنی کار. خاوەنکار بەرپرسیارە لە کاتی شەڕفرۆشی و ڕەفتاری نەگونجاو لەلایەن کارمەندێک، سەرپەرشتیارێك یان بەکاربەرێك کە پێویستە هەنگاوی پێویست بۆ چارەسەرکردن بگرێتەبەر.

## ئەگەر هەست دەکەیت بەردەوام تووشێ کرداری نابەجێ یان شەرفرۆشی دەبیت:

- قسە لەگەڵ ئەو کەسە بکە کە ڕەفتاری نەگونجاو دەکات. پێی بڵێ کە کام ڕەفتاری ئەو بە نەگونجاو دەزانیت و داوای لێ بکە ئیتر بەو شێوەیە ڕەفتار نەکات.
- لیستێک لە ڕووداوەکان بنووسە؛ کەی، لە کوێ، و چ کەسێک لەو کاتە لەوێ بووە.
- لەگەڵ سەرپەرشتیاری خۆت قسە بکە
- ئەگەر هەست دەکەیت سەرپەرشتیارەکەت خراپ ڕەفتار دەکات، لەگەڵ سەرۆکەکەی قسە بکە.
- داوای ڕێنمایی لە بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی و ناوەندی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی و پشتیوانی بکە.

ئەگەر سەرپەرشتیارەکەت هێچ کارێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەکە ناکات و هیچ نوێنەرێکی دیکەی خاوەنکارەکەت لە شوێنی کار دا نیە، دەتوانیت پەیوەندی بە بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی لە "ئاژانسی کارگێریی ناوچە" بکەیت.

**بێزارکردنی سێکسی** واتە ڕەفتاری سێکسیی زمانی یان جەستەیی نەخوازراو و یەکلایەنە لەلایەن هاوکار، سەرپەرشتیار یان نوێنەرێکی دیکەی خاوەنکار، یان بەکاربەر.

چەند نموونەیەك لە گێچەڵی سێکسی:

- ئیشارە یان سەیرکردنی سێکسی
- قسەکردنی سێکسی
- نوکتەی پێشنیارکەری سێکسی
- قسەکردن یان پرسیارکردن لەبارەی جەستە یان شێوازی جل لەبەرکردن
- ئیمەیل یان کورتەنامەی سێکسی
- دەستلێدان و بەرکەوتنی جەستەیی
- پێشنیاری جووتبوون یان ڕەفتاری سێکسیی دیکە
- دەستدرێژی یان هەوڵدان بۆ دەستدرێژی.

گێچەڵی سێکسی گشت کاتێك قەدەغە و نایاساییە. بەپێی یاسا پێویستە خاوەنکار هەنگاوی پێویست بنێت بۆ ڕێگرتن و چارەسەرکردنی بێزارکردن لە شوێنی کار.

ئەگەر هەست دەکەیت تووشی گێچەڵی سێکسی بوویتە

- دەستبەجێ ئەو کەسە ئاگادار بکەوە کە هەراسانت دەکات و پێی بڵێ کە حەزت لەو ڕەفتارەی ئەو نیە و داوای لێ بکە ئیتر بەو شێوەیە ڕەفتار نەکات.
- ئەگەر بێزارکردن بەردەوام بوو، دەستبەجێ سەرپەرشتەکەت ئاگادار بکەوە
- ئەگەر نازانیت چی بکەیت، داوا لە بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی یان نوێنەری یەکێتی کرێکاری بکە ڕێنماییت بکات

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Regional State Administrative Agencies (AVI): Occupational Safety and Health**
www.avi.fi/en > Occupational safety and health

**Sexual harrassment and harrassment on the basis of gender**
www.tasa-arvo.fi/en > Discrimination > Harassment

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Aluehallintovirasto (AVI): työsuojelu**
www.avi.fi > Työsuojelu

**Seksuaalinen ja sukupuoleen perustuva häirintä**
www.tasa-arvo.fi > Syrjintä > Häirintä

**Työyhteisön ristiriidat ja ratkaisut**
www.ttl.fi > Työyhteisö ja esimiestyö > Ristiriidat ja ratkaisut

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Regionförvaltningsverket (AVI): arbetarskydd**
www.avi.fi/sv > Arbetarskydd

**Sexuella trakasserier och trakasserier på grund av kön**
www.tasa-arvo.fi/sv > Diskriminering > Trakasseri

## یەکسانی و هەلی یەکسان

پێویستە گشت کارمەندان بە یەکسانی ڕەفتاریان لەگەڵدا بکرێت. یەکسانی لە شوێنی کار واتە ئەوەی کە مرۆڤەکان وەکوو یەک دەرفەتی کارکردن و پارە پەیداکردنیان هەبێت بێ لەلەرچاوگرتنی قەومیەت، نژاد، ئایین، ڕەگەز، یان سیفەتەکانی دیکەیان.

لە فینلاند یەکسانیی کارخوازان و کارمەندان بەپێی یاسا پارێزراوە.

- **یاسای دژە جیاوازی** هەرجۆرە جیاوازی کردن لەسەر بنەمای تەمەن، نەژاد یان نەتەوە، میللەت، زمان، ئایین، پێشینەی دادگایی، بیروڕا، تەندروستی، کەمئەندامی، حەزی سێکسی یان هەر سیفەتێکی تری تاکە کەسی قەدەغە دەکات.
- **یاسای یەکسانی نێوان ژن و پیاو** هەرجۆرە جیاوازی کردنێك لەسەر بنەمای ڕەگەز قەدەغە دەکات. بەپێی یاسا، هەموو کارمەندان پێویستە لە شوێنی کار پابەند بن بە یەکسانیی ژن و پیاو و دڵنیا بن کە هەردوو ڕەگەز وەکوو یەک دەرفەتیان بۆ بەدەستهێنانی کار و پۆست هەیە.

بەپێی یاسا، ڕێگرتن لە جیاوازی کردن ئەرکی خاوەنکارە.

**جیاوازی کردنی ڕاستەوخۆ** لە شوێنی کار واتە، بۆ نموونە، حاڵەتێک کە تێدا کارمەندانێک کە پێشینەی جیاوازیان هەیە وەکوو یەک پارە وەرنەگرن. **جیاوازی کردنی ناڕاستەوخۆ** کاتێک ڕوو دەدات کە کردارێک دەبێتە هۆی ئەوە کە کارمەندەکان بەهۆی پێشینەیان، بۆ نموونە بە هۆی میللەتیان، پێگە و بارودۆخی نایەکسانیان هەبێت. جیاوازی کردنی ناڕاستەوخۆ هەروەها کاتێک ڕوو دەدات کە، بۆ نموونە، لە کارخوازەکان چاوەڕوان دەکرێت شارەزایی زمانیی تەواویان هەبێت بۆ پۆستێک کە پێویستی بە شارەزایی زمانیی تایبەت نیە. بەڵام، جیاواز مامەڵەکردن لەسەر بنەمای یەکسانی کە بۆ باش ئەنجامدانی کار پێویستە، جیاوازی کردن نیە. بۆ نموونە، بۆ هەندێ پۆست پێویستیە کاندیدەکان هاووڵاتیی فینلاند بن، و لەبەر ئەمە ناکرێت کەسانی بیانی وەربگرن.

### ئەگەر لە شوێنی کار تووشی جیاوازی کردن بوویت چی بکەیت:

- ئەگەر دەکرێت، قسە لەگەڵ ئەو کەسە بکە کە ڕەفتاری نایەکسانی بەرامبەرت کردووە.
- ڕووداوەکە و شوێنی ڕووداوەکە و ناوی ئەو کەسانە کە لەوێ بوونە لەگەڵ هەر زانیاریەکی تر سەبارەت بە ڕووداوەکە بنووسە.
- لە نوێنەرانی خاوەنکارەکەت یارمەتی وەربگرە. بۆ نموونە، نوێنەری یەکێتی کرێکاری، بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی، یان نوێنەری دیکەی خاوەنکار دەتوانێت یارمەتیت بدات. پێکەوە بچن لەگەڵ نزیکترین سەرپەرشتیارت قسە بکەن.
- ئەگەر هەست دەکەیت سەرپەرشتی تۆ لەگەڵت باش ڕەفتار ناکات، لەگەڵ سەرۆکەکەی قسە بکە.
- ئەگەر کێشەکە لە شوێنی کار چارەسەر ناکرێت، پەیوەندی بە یەکێتی کرێکاری بکە یان لە نوێنەرێکی خاوەنکار داوا بکە پەیوەندی بە یەکێتی کرێکاری بکات. هەروەها دەتوانیت پەیوەندی بە بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی بکەیت. ئەگەر کێشەکە پەیوەندی بە یەکسانیی ژن و پیاو هەبێت، دەتوانیت پەیوەندی بە دادوەری یەکسانی بکەیت. ئەگەر کێشەکە هەر چارەسەر نەکرا، دەتوانێت بیسپێریت بە دادگا یان لە پۆلیس داوا بکەیت لە بابەتەکە بکۆڵنەوە.
- هەروەها ئەگەر پێویست بێت دەتوانیت پەیوەندی بە دادڕەسی کەمینەکان بکەیت.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Equality and non-discrimination**
www.equality.fi

**Act on Equality between Women and Men**
www.finlex.fi

**The Ombudsman for Equality**
www.tasa-arvo.fi/en

**Ombudsman for Minorities**
www.ofm.fi

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Yhdenvertaisuus ja syrjimättömyys**
www.yhdenvertaisuus.fi

**Tasa-arvolaki**
www.finlex.fi

**Tasa-arvovaltuutettu**
www.tasa-arvo.fi

**Vähemmistövaltuutettu**
www.ofm.fi

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Likaberättigande och icke-diskriminering**
www.equality.fi

**Lag om jämställdhet mellan kvinnor och män**
www.finlex.fi/sv

**Jämställdhetsombudsmannen**
www.tasa-arvo.fi/sv

**Minoritetsombudsmannen**
www.ofm.fi

## تێبینی



# 6. کار وەکوو بەشێک لە ژیان

## کاتی کارکردن و ڕۆژانی پشووی گشتی

کاتەکانی کارکردن بەپێی "یاسای کاتژمێرەکانی کارکردن" و ڕێکەوتنامەی گشتیی کار دیاری دەکرێن. بەڵام، هەندکێجار، سەرپەرشتیارەکەت یان ئەرکەکەت بە پێویستی دەزانێت کە لە کاتژمێرەکانی کارکردنت دا نەرمی بنوێنرێت. هەروەها لەوانەیە ڕێگەت پێبدرێت کە بەپێی پێداویستیە تاکە کەسیەکانت کاتی کارکردنت بگۆڕیت. لەگەڵ خاوەنکارەکەت لەسەر ئەم شتانە ڕێک بکەوە. بۆ هەرجۆرە زیادەکار پێویستە خاوەنکار ڕەزامەندیی کارمەندەکان وەربگرێت.

بە شێوەیەکی ئاسایی کاتی کارکردن ناگۆردرێت و لەنێو گرێبەستی دامەزراندندا ڕێککەوتنی لەسەر دەکرێت. **زۆرترین کاتی کارکردن** لە ڕێکەوتنامەی گشتیی کار دا بەپێی یاسا دیاری دەکرێت و نزیکەی 8 کاتژمێر لە ڕۆژێك یان 40 کاتژمێرە لە هەفتەیەکدا. بە شێوەیەکی ئاسایی، زۆرترین کاتی کارکردن بۆ کاری فول تایم 7,5 کاتژمێرە لە ڕۆژ یان 37,5 کاتژمێرە لە هەفتەیەکد.

بۆ ئەوەی کاتێکی گونجاو و کارامە بۆ کارکردن دیاری بکرێت پێویستە سەرپەرشتیار و کارمەند پێکەوە تاوتوێی بکەن و لەسەری ڕێک بکەون. هەندێك جار ڕەنگە چاوەڕوانی ئەوەت لێبکرێت کە لە کاتی کارکردنتدا نەرمی بنوێنیت، بۆ نموونە، کاتێک بۆ جێبەجێکردنی ڕێساکان پێویستە یان کاتێک کە بەپێی وەرزی ساڵ ڕۆژی کاری درێژتر دەبێتەوە، بەپێی "یاسای کاتەکانی کارکردن"، پێویستە لە کاتی زیادەکاری دا خاوەنکار ڕەزامەندیی کارمەندەکەی وەربگرێت. پێویستە گشت کاتێك **زیادەکار** بە مووچە یان پشووی بە مووچە قەرەبوو بکرێتەوە. لە کاری دەورەیی و بە شیفتدا، بەرلە دەستپێکردنی خولی کاری گشت کاتێك پێویستە **خشتەی کاتی کارکردن** بۆ ماوەی لای کەمی یەک هەفتەی داهاتوو دیاری بکرێت.

کاتەکانی کارکردن کاتی **پشوو (برێك) یش** دەگرێتەوە. ماوە و دووبارە بوونەوەی پشوو پەیوەستە بە سروشتی کارەکە و ماوەی کارکردن. تۆ ناتوانیت بێ مۆڵەتی خاوەنکارەکەت پشوو وەربگریت. بزانە تۆ مافی چ جۆرە پشووەکت هەیە و ئایا دەتوانیت، بۆ نموونە، لە کاتی کارکردن دا نان بخۆیت یان لە کاتی پشوودا لە شوێنی کارەکەت بچیتە دەرەوە.

کۆی **ڕۆژانی پشوو** لە ماوەی کارکردن دا **بەپێی یاسای ڕۆژانی پشووی** ساڵانە دیاری دەکرێن. کاتێک کە تۆ پشوو وەردەگریت پێویستە لەگەڵ خاوەنکارەکەت لەسەری ڕێک بکەویت. لە ماوەی پشووەکەتدا ناچار نیت بێیتە سەر کار، تەنانەت ئەگەر خاوەنکارەکەت داوشت لێ بکات. بەڵام، ئەگەر تۆ بتەوێت بەشەکەی تری پشووەکەت بە کار نەهێنیت و بگەڕێیتەوە سەر کار، پێویستە لەگەڵ خاوەنکارەکەت بە نووسراو لەسەر ئەمە ڕێک بکەون. کاتێک کە دامەزراندنی تۆ کۆتایی دێت دەکرێت ڕۆژانی پشووی بەکارنەهێنراو بە پارە قەرەبوو بکرێنەوە. ئەگەر لە ماوەی پشوو دا نەخۆش بکەویت، دەکرێت ڕۆژانی پشووت بگوازیتەوە بۆ وەختێکی تر. سەبارەت بە پشووی بێمووچە و ئەو ڕۆژانەی تر کە ناچیت بۆ سەر کار پێویستە لە پێشەوە لەگەڵ خاوەنکارەکەت ڕێککەوتن بکەیت.

### ئەگەر هەست دەکەیت کاتەکانی کارکردنت کێشەت بۆ دروست دەکات، ئەمانەی خوارەوە ئەنجام بدە:

- کاتەکانی کارکردنت بۆ ماوەی دوو هەفتە بنووسە: کاتی دەسپێکردن، کاتەکانی پشوو و کاتی کۆتایی هاتنی کارەکەت بنووسە.
- قسە لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت بکە و پێی بڵێ کە دەتەوێت کاتەکانی کارکردنت بە چ شێوەیەک بگۆڕیت.
- ئەگەر ناتوانیت کێشەکەت لەگەڵ سەرپەرشتیارەکەت چارەسەر بکەیت، پەیوەندی بە نوێنەرێکی یەکێتی کرێکاران یان بەرپرسی سەلامەتی پیشەیی بکە و سەبارەت بە کێشەکە قسەی لەگەڵ بکە.
- قسە لەگەڵ هاوکارانت بکە و بزانە ئایا ئەوانیش لەگەڵ کاتەکانی کارکردنیان کێشەیان هەیە و ئایا کێشەکانی ئەوانیش وەک کێشەکەی تۆ یە.
- پێشنیاری کۆبوونەوە بکە بۆ ئەوەی بەیەکەوە پلانێک بۆ دیاریکردنی کاتی گونجاو و کارامە بۆ کارکردن دابنێن.
- ئەگەر ناکرێت کێشەکە لە شوێنی کار چارەسەر بکەن پەیوەندی بە یەکێتی کرێکاری بکەن.

## زانیاریی زیاتر به زمانی ئینگلیزی

**Working time records**
www.tyosuojelu.fi > Working in Finland > Working time records

**Working Hours Act**
www.finlex.fi

**Annual holidays**
www.tyosuojelu.fi > Working in Finland > Annual holidays

## زانیاری زیاتر به زمانی فینلاندی

**Työajat**
www.tyosuojelu.fi > Aihealueet > Työsuhdeasiat > Työaikakirjanpito

**TTL: Työaika**
www.ttl.fi > Työhyvinvointi > Työaika

**Työaikalaki**
www.finlex.fi

**Lomat**
www.tyosuojelu.fi > Työsuhdeasiat > Vuosiloma

## زانیاری زیاتر به زمانی سویدی

**Arbetstid**
www.tyosuojelu.fi > Anställningsfrågor > Arbetstidsbokföring

**Arbertstidslag**
www.finlex.fi/sv

**Semester**
www.tyosuojelu.fi/se > Anställningsfrågor > Semester

## کار و خێزان

کۆمەڵێک سوودی یاسایی لە فینلاند هەن کە ئامانجیان یەکخستن و هەماهەنگ کردنی ژیانی کاری و ژیانی خێزانیە. خاوەنکارەکەت بەرپرسیارە، بۆ نموونە لە ڕێگەی دیاریکردنی کاتی گونجاو بۆ کارکردن لەم هەماهەنگ کردنە پشتیوانیت بکات.

لە فینلاند، لە نێو کۆمەڵگا کۆمەڵێک سوودی یاسایی و خزمەت، وەک پشووی تایبەت بە دایکوباوک، دابین دەکرێن کە پشتیوانی لە هەماهەنگیی نێوان ژیانی کاری و ژیانی خێزانی دەکەن. ئەم سوود و خزمەتگوزاریانەی خوارەوە بەپێی بارودۆخی مەوجوود لە ئابی 2014 ڕوون دەکرێنەوە. بۆ زانیاریی نوێ پەیوەندی بە KELA بکە.

**مۆڵەتی دایکایەتی و دایبابی** بۆ بەخێوکردن و چاودێری کردنی منداڵانی ژێر تەمەنی 10 مانگان دانراوە. مۆڵەتی دایکایەتی بەردەوام دەبێت هەتا تەمەنی منداڵەکە نزیکی سێ مانگ دەبێت. مۆڵەتی دایبابی بۆ بەخێوکردن و چاودێری کردنی منداڵانی تەمەن سێ تا نۆ مانگان دانراوە، و دایک یان باوک دەتوانێت ئەم پشووە وەربگرێت. باوک و دایک هەروەها دەتوانن بە نۆرە پشوو وەربگرن، بەڵام ناتوانن هاوکات پێکەوە پشوو وەربگرن. **مۆڵەتی دایبابی** بۆ باوکان دانراوە و پێویستە بەرلەوەی منداڵەکە ببێت بە دوو ساڵان هەمووی ئەم پشووە وەربگیردرێت. ئەگەر دایک لە بارودۆخێکی مەترسیدار دا کار بکات کە تەندروستیی خۆی یان کۆرپەلەی ئەو بکەوێتە مەترسیەوە، مافی ئەوەی هەیە کە **مۆڵەتی دایکایەتی تایبەت** وەربگرێت.

دوای مۆڵەتی دایبابی، هەردووی باوک و دایکی منداڵێکی ژێر سێ ساڵان وەکوو یەک مافیان هەیە کە هاوکات لەسەر کارەکەیان بمێننەوە، **و مۆڵەتی بەخێوکردنی منداڵ** وەربگرن. بەڵام باوک و دایک ناتوانن هاوکات پێکەوە ئەم مۆڵەتە وەربگرن.

ئەگەر ماوەی دامەزران زیاتر لە شەش مانگ تێپەڕ بوو بێت، باوک و دایک مافی ئەوەیان هەیە کە **نیمچە مۆڵەتی بەخێوکردنی منداڵ** وەربگرن بۆ بەخێوکردنی منداڵێک هەتا کۆتایی ساڵی دووهەمی خوێندنی ناوەندیی. نیمچە مۆڵەتی بەخێوکردنی منداڵ بەم شێوەیە دەبێت کە تۆ ماوەیەکی کەمتر کار دەکەیت، و بەپێی ئەو کاتژمێرانە کە کار دەکەیت پارە وەردەگریت. پێویستە سەبارەت بە ئامادەکاریەکان بۆ نیمچە مۆڵەتی بەخێوکردنی منداڵ لەگەڵ خاوەنکارەکەت ڕێک بکەویت.

ئەگەر تەمەنی منداڵەکەت لە 10 ساڵ کەمتر بێت و کوتوپڕ نەخۆش بکەوێت، دەتوانیت **مۆڵەتی بەخێوکردنی کاتی** وەربگریت بۆ ئەوەی لە ماڵەوە بمێنیتەوە و بەخێوی بکەیت یا خزمەتی بەخێوکردنی منداڵی بۆ دابین بکەیت. ئەم جۆرە مۆڵەتە پێویستە لای زۆری 4 ڕۆژ بخایەنێت. لە ڕێککەوتنامەی گشتیی کار دا دیاری دەکرێت کە ئایا لە ماوەی مۆڵەتی بەخێوکردنی کاتی دا مووچە بدرێت بە تۆ یان نە. ئەگەر پێویستە لە ماڵەوە بمێنیتەوە بۆ ئەوەی منداڵی نەخۆشت بەخێو بکەیت هەمیشە بە سەرپەرشتیاری خۆت بڵێ.

هەروەها هەموو کارمەندێک مافی هەیە کە **لەبەر کێشەی خێزانی مۆڵەتی کاتی وەربگرێت،** بۆ نموونە کاتێک کە ئەندامێکی خێزان کوتووپڕ نەخۆش دەکەوێت یان تووشی ڕووداوێک دەبێت. هەروەها ئەگەر ئەندامێکی خێزانەکەت یان کەسێکی نزیکی دیکەت بۆ نموونە بە هۆی نەخۆشی یان ڕووداوێک پێویستی بە چاودێریی تایبەت هەبێت تۆ دەتوانیت داوای مۆڵەت بکەیت. بە شێوەیەکی ئاسایی بۆ ئەم مۆڵەتانە مووچە نادرێت و پێویستە لەگەڵ خاوەنکارەکەت لەسەریان ڕێک بکەویت، و ئەگەر داوای مۆڵەت بکەیت پێویستە هۆکارەکەی بۆ خاوەنکارەکەت ڕوون بکەیتەوە.

کار و خێزان هەردووکیان دەتوانن سەرچاوەیەکی گەورەی شادی و وزە بن. ئامانج ئەوەیە کە بگەین بە بارودۆخێک کە تێدا لە نێوان داخوازیەکانی ژیانی کاری و ژیانی خێزانیی تۆ دا هاوسەنگی دروست بکەین. ئەمە توانای ئەوە بە تۆ دەدات کە لە شوێنی کار بە باشی ئەرکەکانت بە جێ بهێنیت و هەروەها پێداویستیەکانی خێزانەکەت دابین بکەیت.

هەماهەنگ کردنی کار و خێزان لەگەڵ یەکتر دەشێت زەحمەت بێت ئەگەر:

- خێزانێکی گەورەت هەبێت
- کارەکەت پڕزەحمەت بێت
- خێزانی تۆ یان کەسوکارت لە وڵاتێکی دیکە بژین
- پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ناسیاویت کەم بێت
- هیچکەس نەبێت یارمەتیت بدات و هۆشت بە لای منداڵەکانتەوە یان خێزانەکەتەوە بێت

**ئەگەر هەست دەکەیت کێشەت هەیە بۆ ئەوەی ژیانی کاری و ژیانی خێزانیت هاوسەنگ بکەیت،** لەگەڵ خاوەنکارەکەت قسە بکە. خاوەنکاری تۆ بەپێی یاسا بەرپرسیارە لەوەی یارمەتیت بدات، بۆ نموونە لە ڕێگەی گۆڕینی کاتەکانی کارکردنی تۆ بارودۆخەکەت بۆ تۆ ئاسان بکات. بەڵام، خاوەنکار پێویستە یەکسان لەگەڵ هەموو کارمەندەکانی ڕەفتار بکات، و کێشەیەکی خێزانی خۆی بۆ خۆی مافی ئەوەت پێ نادات کە خاوەنکار گۆڕانکاریت بۆ بکات.

### زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**KELA: Benefits for families with children**
www.kela.fi/en > Families

**STM: Harmonising family life and work**
www.stm.fi /en > Working life > Family life and work

**FIOH: Work-family balance**
www.ttl.fi > Topics > Working career > Work-family balance

### زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**KELA: Lapsiperheet**
www.kela.fi > Lapsiperheet

**STM: Perhe-elämän ja työn yhteensovittaminen**
www.stm.fi > Työelämä > Perhe-elämä ja työ

**TTL: Työn ja perheen yhteensovittaminen**
www.ttl.fi > Aihealueet > Työura >
Työn ja perheen yhteensovittaminen

### زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**KELA: Förälder**
www.kela.fi/sv > Förälder

**SHM: Att kombinera familjeliv och arbete**
www.stm.fi/sv > Arbetslivet > Familjeliv och arbete

**TTL: Kombinering av arbete och familjeliv**
www.ttl.fi > Temaområden > Arbetskarriär >
Kombineringen av arbete och familjeliv



# 7.کۆتایی هێنان بە دامەزراندن

ئەگەر دەتەوێت کۆتایی بە دامەزرانەکەت بهێنیت، پێویستە دەست لە کار بکێشیتەوە. دامەزرانی تۆ دوای ماوەی ئاگادارکردنەوە کۆتایی دێت. خاوەنکار دەتوانێت بەپێی ئەو هۆکارانە کە لە نێو یاسادا دیاری کراون کۆتایی بە دامەزراندنەکەت بهێنێت؛ لەم حاڵەتەشدا دا ماوەیەک بۆ ئاگادارکردنەوە دیاری کراوە. ئەگەر هۆکارێکی لەناکاو هەبێت، خاوەنکار دەتوانێت دەستبەجێ کۆتایی بە دامەزراندنی تۆ بهێنێت. گشت کاتێك گرنگە کە داوای بەڵگەنامەی دامەزراندن بکەیت.

## دەست لە کار کێشانەوە

بۆ نموونە ئەگەر تۆ کارێکی نوێ بدۆزیتەوە و بتەوێت کۆتایی بە دامەزرانی خۆت بهێنیت، پێویستە دەست لە کارەکەی ئێستات بکێشیتەوە، واتە گرێبەستی دامەزراندنی خۆت کۆتای پێ بهێنیت. ئەگەر گرێبەستی دامەزراندنی تۆ بۆ **ماوەیەکی نادیار** بێت، بەپێی یاسا دەتوانیت لە هەر کاتێک دا دەست لە کار بکێشیتەوە، بەڵام پێویستە پابەند بیت بە دەرفەتی دیاریکراو بۆ ئاگادارکردنەوە. مەگەر بە جۆرێکی تر لە نێو ڕێکەوتنامەیەکی گشتی یان لەنێو گرێبەستی دامەزراندنی کارمەنددا دیاری کرابێت، ئەگینا لە کاتی دەست لە کار کێشانەوە پێویستە کارمەند پابەند بێت بەم دەرفەتە کە بۆ ئاگادارکردنەوە دیاری کراوە (بەپێی یاسا لە ئابی 2014):

- ئەگەر ماوەی دامەزران لە پێنج ساڵ زیاتر نەبێت، دەرفەتی دیاریکراو بۆ ئاگادارکردنەوە 14 ڕۆژە، و
- ئەگەر ماوەی دامەزران لە پێنج ساڵ زیاتر بێت، ئەوە دەرفەتی دیاریکراو بۆ ئاگادارکردنەوە یەک مانگە.

کاتێک دەست لە کار دەکێشیتەوە، دوای دەرفەتی ئاگادارکردنەوە، دامەزرانەکەت کۆتایی پێ دێت. ئەو ماف و ئەرکانە کە لە نێو گرێبەستی دامەزراندنەکەتدا دیاری کراون لە ماوەی دەرفەتی ئاگادارکردنەوە دا هەر کارا دەبن. لە ماوەی دەرفەتی ئاگادارکردنەوە دا مووچەی خۆت وەردەگریت. ئەگەر تۆ بێ هۆکارێکی ڕەوا دەست لە کار بکێشیتەوە و بێکار ببیت، بۆ ماوەی 1 تا 3 مانگ کە پێی دەگوترێت ماوەی چاوەڕوانی، مافی وەرگرتنی قەرەبووی بێکاریت نابێت.

گرێبەستی دامەزرانی کاتی (دامەزران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو)، بە شێوەیەکی ئاسایی، ناکرێت بەرلە کۆتایی ماوەی دیاریکراو کۆتایی پێ بهێنرێت. بەڵام لە گرێبەستی کاتیشدا دەکرێت ماوەیەک وەک دەرفەتی ئاگادارکردنەوە دیاری بکرێت.

## دەرکردن لە کار

**خاوەنکار تەنها لەبەر هۆکاری لەناکاو دەتوانێت کۆتایی بە گرێبەستی دامەزراندنی کارمەندێکی هەمیشەیی بهێنێت**. "یاسای گرێبەستەکانی دامەزراندن" دیاری دەکات کەی خاوەنکار مافی هەیە کۆتایی بە گرێبەستی دامەزراندن بهێنێت. لە حاڵەتی ئاساییدا، تەنها گرێبەستێکی دامەزراندن کە بۆ ماوەیەکی نادیار واژۆ کرابێت دەکرێت کۆتایی پێ بهێنرێت. گرێبەستی دامەزراندنی کاتی (بۆ ماوەیەکی دیاریکراو) ناکرێت کۆتایی پێ بهێنرێت مەگەر لە نێو گرێبەستەکە دا دیاری کرابێت کە دەکرێت بەرلە کۆتایی ماوەی گرێبەستەکە کۆتایی پێ بهێنرێت.

خاوەنکار دەتوانێت لەبەر هۆکارێکی گرنگ یان لەناکاوی پەیوەست بە خودی کارمەندەکە یان لەبەر کەمکردنەوەی ناچاریی ژمارەی کارمەندان کۆتایی بە گرێبەستی دامەزراندن بهێنیت.

دەشێت کارمەند بەهۆی لاوازبوونی باری دارایی یان لەبەر ئاڵوگۆڕی نێو کۆمپانیا دەربکرێت. لەوانەیە ئەم گۆڕانکاریانە ببنە هۆی دروستبوونی بارودۆخێک کە خاوەنکار ئیتر هیچ کارێکی بۆ کارمەندەکە نەبێت. ئەگەر کاری تۆ کەم ببێتەوە، خاوەنکار بەرپرسیارە کە کارێکی ترت بۆ بدۆزێتەوە یان خولێکی فێرکردن بۆ پۆستێکی نوێ بۆ تۆ دابنێت. خاوەنکار تەنها کاتێک دەتوانێت کارمەندێک دەربکات کە نەتوانێت کارێکی دیکەی پێ بدات یان خولێکی فێرکردن بۆ ئەو دابنێت کە ئامادەی بکات بۆ پۆستێکی نوێ.

هەروەها خاوەنکار دەتوانێت لەبەر هۆکارێکی زۆر لەناکاو کە پەیوەندی بە کارمەندەکەوە هەبێت گرێبەستی دامەزراندنی هەمیشەیی ئەو کۆتایی پێ بهێنێت. پێشێلکردن یان پابەندنەبوون بەو ئەرکانە کە لە نێو گرێبەستی دامەزراندن یان لە نێو یاسا دا دیاری کراون دەتوانێت ببێتە هۆی دەرکردنی کارمەند. بۆ نموونە، ئەگەر کارمەندێک سەرباری ئاگادارکردنەوە هەمیشە درەنگ بێت بۆ سەر کار، خاوەنکار مافی ئەوەی هەیە کە دەری بکات. بەرلەوەی کارمەندێک ئاگاداری پێ بدرێت و دەرفەتی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانی پێ بدرێت ناکرێت دەربکرێت.

پێویستە خاوەنکار پابەند بێت بەو ماوە کە وەکوو دەرفەتی ئاگادارکردنەوە لە نێو یاسا دا دیاری کراوە، مەگەر ئەو و کارمەندەکەی بە شێوەیەکی تر ڕێک کەوتبێتن.

## هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن

**خاوەنکار دەتوانێ خێرا و دەستبەجێ گرێبەستی دامەزراندن بەتاڵ بکاتەوە. ئەمە تەنها کاتێک دەشێت کە هۆکارێکی زۆر لەناکاو هەبێت**، بۆ نموونە ئەگەر کارمەند بە شێوەی جددی پێشێلی ئەرکێکی گرنگی نێو گرێبەستی دامەزراندن یان ئەرکێکی یاسایی گرنگی کردبێت یان پشتگوێی خستبێت، دارایی خاوەنکاری دزی بێت، یان سەلامەتی کەسانی دیکەی خستبێتە مەترسیەوە. هەروەها بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێبەستی دامەزراندن لە ماوەی کارکردنی تاقیکردنەوەدا پێویستە هۆکارێکی زۆر گونجاو هەبێت.

بەرلە کۆتایی هێنان بە گرێبەستی دامەزراندن، پێویستە خاوەنکار ئاگاداریەک بە کارمەندەکە بدات، مەگەر تاوانەکەی ئەو زۆر جددی بێت. ئەگەر خاوەنکار یەکێک لە مەرجە گرنگەکانی نێو گرێبەستی دامەزراندن پێشێل بکات یان پشتگوێ بخات، کارمەندیش دەتوانێت دەستبەجێ گرێبەستی دامەزراندن کۆتایی پێبهێنێت. ئەگەر کارمەندێک بۆ لای کەمی هەفت ڕۆژ لەسەر کار ئامادە نەبێت و هیچ هۆکارێکی گونجاو بۆ ئامادەنەبوونی نەدات بە خاوەنکارەکەی، دەکرێت گرێبەستی دامەزراندن لە سەرەتای ئامادەنەبوونی کارمەندەکەوە وەکوو

هەڵوەشاو هەژمار بکرێت. بە هەمان شێوە، ئەگەر خاوەنکار بۆ لای کەمی هەفت ڕۆژ لەسەر کار ئامادە نەبێت و هیچ هۆکارێکی گونجاو بۆ ئامادەنەبوونی نەدات بە کارمەندەکەی، کارمەندەکە دەتوانێت گرێبەستی دامەزراندنی خۆی وەکوو هەڵوەشاو هەژمار بکات. ئەگەر بەڵگەی گونجاو هەبێت کە نیشان بدات کارمەندەکە یان خاوەنکار نەیتوانیوە لایەنی بەرانبەر لە هۆکاری ئامادەنەبوونی خۆی ئاگادار بکاتەوە، بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی دامەزراندن پووچەڵ دەکرێتەوە.

## کاتێک دامەزراندن کۆتایی دێت

کاتێک دامەزرانی تۆ کۆتایی دێت، مافت هەیە **بڕوانامەی نووسراوی دامەزراندن**، لە خاوەنکارەکەت وەربگریت. لە نێو بڕوانامەدا ئەرکەکان و ماوەی دامەزرانی تۆ باسکراوە. ئەگەر تۆ داوا بکەیت، پێویستە لە نێو بڕوانامەکەدا هەڵسەنگاندنێکی کارایی و/یا ڕەفتاری تۆ لەگەڵ هۆکاری کۆتاییهاتنی دامەزرانی تۆ دیاری کرابێت. کاتێک کە تۆ بۆ کارێکی نوێ داخوازنامە پێشکەش دەکەیت، ئەم بڕوانامەیە گرنگە و بۆیە پێویستە هەمیشە لە خاوەنکارەکەت داوای بڕوانامە بکەیت. هەروەها کاتێک بێکار بیت و داوای قەرەبووی بێکاری بکەیت پێویستت بە بڕوانامەیەکی دامەزراندنە. لەم حاڵەتانە دا، هەمیشە داوای بڕوانامەیەک بکە کە ڕوونکردنەوە بدات بۆچی دامەزرانی تۆ کۆتایی هاتووە.

### ئەو شتانە کە باشە لەبارەی کۆتایی هێنان بە گرێبەستی دامەزراندن بزانیت:

- دەتوانیت لە ماوەی 'دەرفەتی ئاگادارکردنەوە' دا ناوەندی خزمەتگوزاریەکانی تەندروستیی پیشەیی ئاگادار بکەیتەوە، بەتایبەت ئەگەر لە شوێنی کاری تۆ هەندێ خزمەتی تەندروستی پیشەیی دابین بکرێن کە زیاتر بن لە ئەو خزمەتانەی کە یاسا دەیسەپێنێت.
- ئەگەر تۆ دەربکرێیت، هەمیشە دڵنیا بە کە هۆکارێکی یاسایی بۆ کۆتایی هێنان بە گرێبەستی دامەزراندنی تۆ هەیە. داوای بڕوانامەی نووسراوی دامەزراندن و بڕوانامەی مووچە بۆ لای کەمی 26 هەفتەی ڕابردوو بکە.
- ئەگەر دوای کۆتاییهاتنی دامەزراندنەکەت هیچ کارێکی نوێی دڵنیات نەدۆزیوەتەوە، وەکوو کەسێک کە بۆ کار دەگەڕیت ناوی خۆت لای TEservices تۆمار بکە.

- ئەگەر ئەندامی یەکێتی کرێکاری یان سندووقی بێکاری بیت، بە مەرجێک کە بۆ ماوەی تەواو دامەزرابیت، مافی ئەوەت هەیە کە قەرەبووی بێکاریی تایبەت بە داهات وەربگریت. بۆ زانیاریی زیاتر پەیوەندی بە یەکێتی کرێکاری یان سندووقی بێکاریی بکە.
- ئەگەر تۆ ئەندامی یەکێتیەك یان سندووقێک نەبیت، ئەگەر مەرجی پێویستت هەبێت، KELA قەرەبووی بێکاریت پێ دەدات.
- دەتوانیت لەسەر ماڵپەڕی KELA زانیاریی زیاتر لەبارەی قەرەبووی بێکاری وەربگریت.
- تەمەنی خانەنشینی لە وڵاتی فینلاند بە شێوەیەکی ئاسایی لە نێوان 63 و 68 ساڵیدا یە.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**KELA: Unemployment**
www.kela.fi/en > Unemployment

**Termination of an employment contract**
www.tyosuojelu.fi > Working in Finland > Employment contract

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**KELA: Työttömyysturva**
www.kela.fi > Työttömät

**Työsuhteen päättäminen**
www.tyosuojelu.fi > Työsuhdeasiat > Työsuhteen päättäminen

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**KELA: Utan arbete**
www.kela.fi/sv > Utan arbete

**Att avsluta ett anstallningsförhållande**
www.tyosuojelu.fi > Anställningsfrågor > Att avsluta ett anställningsförhållande



# 8. بوون بە بەڵێندەر لە فینلاند

ڕێکخراوی ئاژانسە بازرگانیەکانی فینلاند، ناوەندەکانی پەرەپێدانی ئابووری، گواستنەوە و ژینگە، TEservices، و ئینترپرایز فینلاند، سەبارەت بە دامەزراندنی کۆمپانیا لە فینلاند زانیاریی خۆڕایی دابین دەکەن. ئەگەر دەتەوێت بۆ خۆت کارێک ڕێک بخەیت، ئەوان لەم بوارانەی خوارەوە دا یارمەتیت دەکەن:

1- گۆڕینی بیرۆکەی بازرگانی بۆ پلانی بازرگانی

2- هەڵبژاردنی جۆری کار

3- ڕێکخستنی بوودجە و سەرمایە

4- تۆمارکردنی کۆمپانیا

5- خەملاندنی سوود و قازانج

6- ڕوونکردنەوەی بەرپرسیاریەتیەکانی باج و ژمێریاری

7- بابەتەکانی بیمە

8- ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئایا پێویستە لە بەرپرسان مۆلەت وەربگریت (بەپێی کەرتی بازرگانی)

9- بابەتەکانی پەیوەست بەو کارمەندانەی کە ڕەنگە دابمەزرێندرێن

10- بابەتەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی

تێبینی ئەوە بکەکە گشت گرێبەستەکانی پەیوەست بە کاری تۆ پێویستە نووسراو بێت. چاک وایە هەر لە سەرەتاوە لەگەڵ خاوەن کارەکانی تر ئاشنا بیت و ببی بە ئەندامی ڕێکخراوەکانی بەڵێندەران.

## زانیاریی زیاتر بە زمانی ئینگلیزی

**Becoming an entrepreneur in Finland**
www.uusyrityskeskus.fi > Entrepreneur guides
**Enterprise Finland**
www.yrityssuomi.fi/en
**The Centres for Economic Development, Transport and the Environment (ELY Centres)**
www.ely-keskus.fi/en
**TE-services: Services for new entrepreneurs**
www.te-services.fi > Employers and entrepreneurs
**Federation of Finnish Enterprises**
www.yrittajat.fi/en
**Finncham**
www.kauppakamari.fi/en

## زانیاری زیاتر بە زمانی فینلاندی

**Yrittäjäksi Suomeen**
www.uusyrityskeskus.fi > Entrepreneur guides
**Yrityssuomi**
www.yrityssuomi.fi
**Elinkeino-, liikenne- ja ympäristökeskus (ELY-keskus)**
www.ely-keskus.fi
**TE-hallinto: Aloittavan yrittäjän palvelut**
www.te-palvelut.fi > Työnantajalle > Yrittäjälle
**Suomen yrittäjät**
www.yrittajat.fi
**Kauppakamari**
www.kauppakamari.fi
**Pienyrittäjät**
www.pienyrittajat.fi

## زانیاری زیاتر بە زمانی سویدی

**Bli företagare i Finland**
www.uusyrityskeskus.fi > Entrepreneur guides
**Företagsfinland**
www.yrityssuomi.fi/sv
**Närings-, trafik- och miljöcentralen (NTM-centralen)**
www.ely-keskus.fi/sv
**TE-tjänster: Tjänster för blivande företagare**
www.te-tjanster.fi > För arbetsgivare > För företagare
**Företagarna I Finland**
www.yrittajat.fi/sv
**Handelskammaren**
www.kauppakamari.fi/sv

تێبینی

Finnish Institute of
Occupational Health

www.ttl.fi/toissasuomessa